


گەلاوێژی ٢٧١٣ گۆڤاری یەکبوون ژمارە : ٤٠ July : 2013




**لەم ژمارە دا :**


* فاکتەرەکانی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی ............. کـەمـال ئەبوبەکر.......... لاپەرە ............ ٢
* دێموکراسی لە نێوان ئازادی و دیکتاتۆری دا ................... وریا رەحمانی ............. لاپەرەی ........... ٥
* تەنیا زانین و یەکگرتن هێمای سەرکەوتنی گەلی کوردە ............. ئەحمەد دەشتی ............ لاپەرەی ............ ٧
* فەلسەفەی ئەخلاق [ بەشی دووهەم و کۆتایی ] نووسەر لوئیس. پ.پۆیمەن، وەرگێر لە سوئیدییەوە .. حامید مائیڵی.... لاپەرەی ... ١٠
* ژنانی کورد پێشەنگی تێکۆشانی ئازدی ............. غەزال عەلیاڵی ............... لاپەرەی ................. ١٣
* سینەمای کوردی ........ نووسینی ئەمیری حەسەنپوور . وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: سەرداری سەعدی .... لاپەرەی .. ١٤
* لە سێدارە دانمان لە هەخامەنشیەکانەوە تا کۆماری ئیسلامی ئێران [ بەشی پێنجەم ]...... نووسینی هۆمەر .. لاپەرەی ... ١٦
* شەهیدانی شیمیابارانی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ شاری سەردەشت .......... ئامادە کردنی رەحمان نەقشی ...... لاپەرەی ... ٢١
* شەهید [ هونراوە ] ............... جەلال مەلەکشاە ............... لاپەرەی ................................ ٢٢
* حەوتی پووشپەڕ زامێک بە روحی بریینداری شارێکەوە [ هونراوە ] ......... نووسینی : ئەحمەد شێربەگی ........ لاپەرەی .... ٢٣
* رۆژژمێری مانگی گەلاوێژی ٢٧١٣ی کوردی .................... ئامادە کردنی رەحمان نەقشی ............. لاپەرەی ....... ٢٤

# فاکتەرەکانی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی




کەمال ئەبوبەکر

ئەو فاکتەرانەی تا ئەم ساتەی وەک هۆکارێکی چەسپاو (مپبت) و هەندێکیش لەو فاکتەرانەی کە فاکتەری گۆڕاون بەڵام تارادەیەکی زۆر کاریگەریان هەبووە لەسەر دروست نەبوونی دەوڵەتی ناسیۆنالی (نەتەوەیی) کوردی یان دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی لە مێژوویەکی دوورەوە تا سەرەتای چەرخی بیست ویەک .

وەک بنەما لەم خاڵانەدا دیاری دەکەین و دەشێ هەر هۆکارێک و خاڵێکیش هەڵگری دەیان لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەو ڕاڤەکردن بێت لە دیدی ئایدۆلۆژیکی (فکری)و دیدی سیاسی و مێژووی جێۆپۆلۆتیکی ئابووری نەتەوەیی و نێودەوڵەتی و هتد..

لەدوای ڕوخانی دەسەڵاتی گرنگ وگەورەو فراوانی میدیاکانەوە (٦٥٠ پ،ز)(٥٥٠ پ،ز) ستراکچەری کەلتوری و فەرهەنگی ئاینی و مەزهەبی و جوگرافی و ئابوری و سایکۆلۆژی سیاسی و هتدی تاکی کوردی و کۆمەڵایەتی (ێجتیماعی) کوردی شێواوە و پێویستی بەدەیان بانکی زانیاری لێکۆڵینەوەو بنەمای تیرۆزەکردنی ئەکادیمی و ناوەندی زانستی و کوردستانی هەیە بکرێتەوە بۆ دراسەکردن لەسەر خوێندنەوەی نوێ و ڕاڤەکردنی نوێ و پرۆژەی نوێ بۆ ستراتیژی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان (حرکە ێلتحرریە ێلکردستانیە) بۆ خوێندنەوەی لایەنی خود(ژاتی) کوردستانی و خوێندنەوەو کارکردن لە سیستمی نێودەوڵەتی و سیستمی نوێ ی جیهانگیری بۆیە بەم چەند خاڵە بەکورتی هۆکارەکان دەخەینە ڕوو.

### هۆکارەکانی ڕوخاندنی کۆمەڵایەتی کوردستان :

یَ-) دابەش کردن و داگیر کردنی کوردستان لە ڕووی مێژوویی و وە بەبەردەوامی تا ئێستا چ لە نێوان شیعەو سونە (سەفەوی فارس شیعی و عوسمانی سونی تورکی لە مێژووی تازەدا (١٥١٤ز) دواتر پەیمان نامەی لۆزانی سەرەتای چەرخی بیست وە دابەشکردنی کوردستانی عوسمانلی بەسەر سێ وڵاتی وەک(تورکیا - سوریا - عێراق) دوای جەنگی جیهانی یەکەم وە پشتگیری کردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو دەم وە بە یاسایی کردنی لەلایەن(نەتەوە یەکگرتووەکان)ی ئەوکاتەوە واتە لەت کردنی خاکەکەیی و دابەش کردنی نەتەوەکەو لکاندنیان بە وڵاتی دروست کراوەوە .

١- پێگەی(موقع) گرنگی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین کە داگیرکەرانی کوردستان ڕاستەو خۆو دەوڵەتە پیشەسازیی یە گەورەکانیش ناڕاستەوخۆ سودی لێ وەردەگرن لە ڕووی(سامانی سروشتی وەک نەوت و کانزای ترو گۆگرد،گازی سروشتی،هتد ......)

٢- پلەی ئەوپەڕی ئاست نزمی و هۆشیاری نەتەوەیی نیشتیمانی (کوردستانی) تاکی کوردی بۆ کێشە پیرۆزەکەی ئەمەش خۆی لە نەبەستنەوەی پیرۆزی خاک و پیرۆزی ئاینی و نەتەوەیی و نەتەوەیی کلتوری نەتەوەیی دا دەبینێتەوە واتە لە ڕابوردوودا پرۆژەی زمانی تیۆری دەسەڵاتی کلاسیکی (کاریزمی) بەشێوەی ڕزگارکەر(منقڤ) نەبووە خاک یا زەوی کوردستانیش وەک زەمینی مقدس و پیرۆزکراو سەیری نەکراوە لە دەقێکی پیرۆزکراوی بان ئاسمانی و زەمینی دەسەڵاتە بچوک و نەگەیشتوو پڤ دراوەکانی کوردستان لە مێژووی میرنیشینەکان و ئێستادا لە مێژوو دا ئاین و مەزهەب چانسی نەبوونی دەسەڵاتی کوردی گرتە ئەستۆی خۆی وەک لەمپەرێک جگە لە ناوچەیی بوون سیستەمی فیدراڵیستی لە مێژووی زۆر نوێشدا ئایدیای شێواو و چەواشە کراو نەبوونی کاریزمانی فیعلی زاڵبوونی خێڵ و خێڵ گەرایی ناوچە گەرێتی بەسەر گوتاری سیاسی کوردی دا عەقڵی خێڵ و ناوچە گەرێتی ، گەلان و نەتەوە وەسەر دەستە داگیرکەرەکانی کوردستان بەخۆیان و کەلتوری نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی شۆڤێنێتی یان لەگەڵ حکومەت و دامەزراوە دەوڵەتە عەسکەر تاریەتەکانیان کە سیستمی(استبدادی اسگانی) ڕۆژهەڵاتی کۆڵۆنیالستی کلاسیکی بەسەر کوردستانی کۆڵۆنی کراو(مستعمرە) بەستراوەی کوردستان لە ڕووی زەمینی و ئابوری و فەرهەنگی و ئاینی بەوانەوە وەک پرۆسەیەکی سیاسی و یاسایی چەسپاو هەمیشەیی .

٣ - نەبوونی سیستمی ڕونی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی نیشتەجێ ی کوردی کە زۆرینەی کەلتوری ڕەوەند و خێڵ و دەرەبەگ و ئاغا پیاوی ئاینی و شێخی تەریقەتە جیاوازەکان بوون ئەگەر سەرکردەش دڵسۆزو بەهێز بووبێ بەڵام پێکهاتەی ناوەوەی کۆمەڵایەتی کۆمۆڵگە هۆرمۆنیەتی تەفاعول کردنی تیا نەبووە بەوەش پەیوەندیە خێڵەکی ڕەوەندی ناوچەیی و ئاینی و مەزهەبیەکان نەتەوەی دابەش کردووەبۆ کۆمەڵێ هێزی بچوک وجیاوازو دژ بەیەک .

٤ - ستراتیژی چەک کردنی ڕۆح و کۆمەڵگەو تاک و ئاینی و مەزهەب و دەسەڵاتی ناوچەیی لەلایەن، داگیرکەرانی تورک وفارس و عەرەب هەروەها ستراتیژی(ترحیل) کۆچ پێکردنی زۆرە ملێ ی کورد لە شوێنگەی خۆیان لە شوێنیان نیشتەجێ کردنی (عەرب ، تورک ،فارس)و سیاسەتی (تهجیر)ی کورد بۆ شوێنە دوورە دەستەکانی ناوچەکانی تورک و عەرەب و فارس بەکارهێنانی ئەو زەوی یە لە لایەن داگیرکەرەوە چۆک پێدادانی ئەو توێژە یا خێڵەی کورد کە هیجرەتی پێکراوەو دەستەمۆ کردنی یا توانەوەیان و ڕازی کردنیان ئەمەش فاکتەری پەرتەوازە کردنی کوردو پێکهاتە کۆمەڵایەتی ونەتەوەیەکەی تێکشکاندووە .

٥ - نەبوونی پرۆژەی ستراتیژی چەسپیوی ڕزگاری خوازی بزوتنەوەو سەرکردەکانی جوڵانەوەی کوردی کە نەبوونی پارتی سیاسی بووە لە مێژوودا یان سەرکردەی بێ پارت و ناوچەگەرو خێڵ گەر بووە وە نەخوێندنەوەی هێزو توانای خودو دوژمن و نەناسین و تینەگەیشتن لە جیهانی دەرەوەی خۆی بۆ پەیوەندی و توانا فیزێکی لۆجستی و سیاسی هتدەکانی ئەمەش خۆی لە خۆی دا بەهۆی ئاین یا مەزهەب کەمینەتەوەو گوێ نەدان بەو کەمینانەی کوردستان بووە بۆ بەشداری نەکردنی کارای لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان بووە بۆ بەشداری نەکردنی کارای لەبزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان دا .

## ب) هۆکاری جیۆپۆلۆتیک :

کوردستان کەوتۆتە بەشی ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا هەموو پارچەکانی یەک وڵاتەو یەک خاکە وە زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی تری وەک (تورک ، فارس ، عەرەب ، ئەرمەن ، ئاسوری ، کلدانی....) تێ دا دەژی وە هیچ لەمپەرێک وە بەربەستێکی سروشتی نی یە تەنانەت لە ڕووی نەتەوەو مرۆڤ و ئاوو هەواو شتی ترەوە سەرەڕای ئەو دابەش کردن و لەت لەت کردنیشی نەتوانراوە لە تەلبەندێک زیاتر یان پردێک یان چەند بازگەو قولەیەکی سوپای زیاتر هیچ ئامرازێکی جیا کردنەوەی لە یەکتر لەلایەن داگیرکەرانەوە بۆ نەکراوەلە هەموو دابەشکردنەکانیدا بە تایبەتی لە دابەش کردنی (١٥١٤ ز) چاڵدێرانی عوسمانی و سەفەوی و هەردوو پەیمان نامەی (١٦٣٩ ز)ئەرز ڕۆم و زەهاو و پەیمان نامەی لۆزانی (١٩٢٣ ز) تا ئێستا پەیوەندی خوێنی نەتەوەیی و عەشایەری لەنێوان هەموو کوردەکانی سنوری هەر چوار پارچەکەدا هەیەو بەردەوام دەشێ سنوری هەر چوار پارچەکە لە ناوەوە سەنتەری نەتەوایەتی پێکهاتەی نەتەوەی کوردبن .

کوردستان جێگەیەکی ستراتیژی و نزیکی لە کەنداوی(فارس - عەرەب)و دەریای سپی ناوەڕاست داگیرکردووە وە بەرینی زەوی وڵاتەکەو درێژ بوونەوەی ڕووبەرەکەی ئاوو هەواکەشی هەمە چەشنەیە بۆتە هۆی بەرهەم هێنانی کوشتوکاڵی جۆراو جۆرو سامانی دەغڵ و دان و دارستان و میوەو لەوەڕگایەو بە هۆی بوونی کانزای ژێرزەوی وەک نەوت و گۆگرد گازی سروشتی سەرچاوەی ئاوو بە هۆی ئەوەی لە کۆن دا ڕوویەکی ترانزێتی هەبووە لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا بۆتە وڵاتێکی خنکێنراو بەتایبەت دوای دابەش کردنی لۆزان بۆ نەتەوەو گەلانی ناوی دۆخێکی وا خراپی بۆ دروست بووە کە هەمیشە دوژمنانی کۆڵنیالی دەوروپشتی بتوانن بە ئاسانی کۆنترۆڵی بکەن بەڵام بۆ خودی جوڵاندنەوەی نەتەوەیی کوردو خەڵکی کوردستان مۆتەکەیەکی قورسە بۆیە تا ئێستا جوڵاندنەوەی نیشتیمانی کوردستان نەیتوانیوە لە ڕوی تیۆری و پراکتیکەوە ئاسایشی نەتەوەیی دروست بکات و بپارێزێت فاکتەری جیۆسیاسی دەورێکی چارەنوس سازو کاریگەرو یەکلاکەرەوە دەبینێ لە چارەنوسی گەلان دا بە پێ ی تیۆرە جیۆپۆلۆتیکەکان کوردستان وڵاتێکی داخراوە بێ دەربازگەیە و لە هەر چوار لاوە بە دوژمن دەورە دراوە وەک بازنەیەک داخراوە و زەویەکی بێ دەروازەیە .

١ - لە دوای لۆزانەوە سیاسەتی تتریک و تعریب و تنفیس و تهجیر و ترحیل گەلێ ناوچەی یاشاری ستراتیژی کوردی لە ڕوی دیمۆگرافیەوە گۆڕیوە کە ئەمەش کارێکی قورس و گرنگە لە ئەستۆی شۆڕشی کوردستان کە هاوکێشەی هاوسەنگی هێزی شۆڕشی کوردو دەوڵەتی داگیرکەری گۆڕیوە نەبونی پاڵپشتێکی دەریایی لە هیچ لایەکی کوردستانەوە نیشتیمان و گەلەکەی خنکاندووە دابەش کردنی کوردستان و لکاندنی هەر پارچەیەک بە نەتەوەکانی ناویەوە بەکردنە بەشی بەسەر چەند دەوڵەتێکی دەست کرداو لەهەر یەک لەو وڵاتانەدا نیشتیمانی کورد بچوکترو نەتەوەکەشی لەچاو نەتەوەی سەردەستە کەمینە بەئەمەش فاکتەری بێ هێزی شۆڕشی چونکە بزافی ڕزگاری خوازی کوردهێزی فیزیکی کوردستان بووە بۆ سەرکەوتن نەتەوەی کوردی لێ کەم بووەتەوە و هەروەها پاڵپشتی لۆجستیکی بیانی و ناوخۆی لێ کەم بووەتەوە و ئەمە بۆتە هۆی دابەش بوونی ستراتیژی بزافی ڕزگاری خوازی کوردو پێنەگەیشتنی شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان بەئامانجی یەکگرتنەوەی نەتەوەو نیشتیمان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیش دا تا ئەم ساتە وەختەی بزاڤی کوردی بەکارت بەکار هاتووە هەمیشە پوکاوەتەوە چونکە دابەش بوونی نیشتیمانەکە کەلتورو فەرهەنگ و زمانی هاوبەش و مێژووی هاوبەش و ڕۆشنبیری هاوبەش دابەش بوە وە داگیرکەرانیش زیاد لە وڵات و نەتەوە و حکومەتێ بووە هەمیشە هەماهەنگی دوژمنان بەهێزتر بووە لە هەماهەنگی شۆڕشی ڕزگاری خوازی کوردستان بە شێوەی گشتی و بەشێوەی شۆڕشی پارچەی هەرێمی .

## ج) هۆکاری ئابوری :

بواری ئابوری یان داهاتی نەتەوە بەشێکی گرنگە بۆ پێکهاتەی ژیانی کۆمەڵگە لە ڕووی سەرخانی و ژێر خانی ئابوری یەوە کە گرنگ ترین هۆکارە لە دیاری کردنی چۆنێتی پێک هاتنی کۆمەڵ و سیستم پرۆسەی گەشەکردن و پێشکەوتن کوردستان ئابوری یەکی سروشتی کانزایی و دارستانی و ئاویە هەروەها ناوچە شاخاوێکانی زیاتر لە نیوەی تۆپۆگرافیای کوردستان پێک دێنێ واتە دوای نەوت و کشتوکاڵ گەورەترین کەرتی ئابوری پێک دێنێ بەڵام بە شێوەی بەرهەم هینان لە کوردستان شێوەی بەرهەم هێنانی دواکەوتوتر لە شێوەی بەرهەم هێنانی ئاسایی لەبەر نەبوونی سیستەمی ئابوری جێگیر بۆیە ئابوریەکەی سیفەتێکی ئەوتۆ وەردەگرێ وەک یەک بەڕێوە ناچێت چونکی کوردستان لە هەموو پارچەکانی دا بە سیاسەتێکی پیلان بۆ داڕێژراو بە شێوەیەکی پاسێفستی بەڕێوە دەچێت ئابوریەکەی زیاتر لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵ داری وورده بازرگانی یە هەرچی ناوچەی نەوت و کارگەی پیشەسازی یە دەکەونە ژێر دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە بۆیە چینی پیشەیی و توێژی تایبەتی پیشەسازی کۆمەڵایەتی بەسروشتی پێک نایە ت و هۆشیاری لە هەناوی بەرهەمی خۆماڵی دا لە دایک نەبێت ئەمەش ناسروشتی پێک هاتەی چینایەتی کۆمەڵایەتی کوردی پێک دێنی کە کاردەکاتە سەر ڕەوشە سیاسیەکەی .

## د) هۆکاری کۆمەڵایەتی :

ئەم هۆکارە هێندە کاریگەرانە سایکۆلۆژیاو باری ویژدانی ئەخلاقیەتی کۆمەڵگەی کوردی داگیر کردووە بەجۆرێک ئاڕاستەش ئەکرێ بە پیلانی داگیرکەران هەمیشە:

١- دەسەڵاتی هۆزو خێڵ

٢- دەسەڵاتی میرنشینە بچوکەکان(ئیمراو)

٣- دەسەڵاتی شێخەکان ،شێخی تەریقەتەکان (قادری،سادات،نەقشی،بگداشی) سەرۆک خێڵەکان کە بزافی رۆشنبیری و رۆشنگەری و سیاسی و ناسیۆنالستی کوردی بێ گیان و جەستە کردووە . مانەوەی پەیوەندیە کۆن و بەسەر چووەکان و شێوەی بەرهەم هێنانە دواکەوتوەکان وە دەمار گیری هۆزەکان و ناوچەیی و پەرستنی تاکە کەسی بودەڵەو باوەڕ کردنی زیاد لە ڕادەبەدەر بە تاکە کەس و بوونی چەندین ئاین و مەزهەبی جیا جیای ناو کۆمەڵگە وەک ئاینی(بەهائی و کاکەیی و ئێزدی) . وە بوونی مەزهەبەکانی شیعە و سونە لە کوردستانداو بوونی هەندێ کەمینە نەتەوەی تری کوردستان و ئاینی جیاوازی وەک (دیان ، جولەکە ... هتد) بوونی ناکۆکی نێوانیان و جیاوازی خستنە نێوانیانەوە بە فیتی دوژمنان بۆ جیاوازی هاوبەش نەکردنی خێڵ و هێزو ئاین و مەزهەب کەمینە نەتەوەکان لە گوتاری سیاسی رزگاری نیشتیمانی کوردستان بۆ هاوکاری نەکردنی یەکرێزی بۆ ئەوەی هاوکێشەی یەکیەتی نەتەوەیی کوردستان دروست نەبێت .

## هـ) هۆکاری سەرکردایەتی :

زۆرینەی سەرکردایەتی کورد لە مێژووی بزاڤی رزگاری خوازی کوردیدا سەرکردەکانیان یان سەرۆک هۆز ،یان شێخ ، یان مەلا یان پیاوی ئاینی بوون زۆربەی یاخی بونەکان هەل و مەرجی مەوزوعی دروستی نەکردبوون پرۆژەی عەقڵی سیاسی سەرکردایەتی پرۆژەیەکی لۆجیکی دانەرێژراو لەسەر بنەمای سەربەخۆیی دەسەڵات و ستراتیژی روون و تاکتیکی جۆراو جۆر پەیوەندی نێوان تاکی کوردو سەرکردە پەیوەندیەکی رۆحانی نەبووە لەلایەن ئەو پەیوەندی یە رۆحانی یە بە میتۆدێکی پیرۆز گرێ بەست و وابەستەی ستراتیژی پرۆژەی رزگاری نەتەوەی نەبووە هەمیشە تاک و سەرکردە پەیوەندیان پیرۆز ترو بەتین تربووە لە پەیوەندی تاک و ئامانج و ستراتیژی رزگاری کێشەکە پەیوەندی پیرۆزی خێڵەکی وئاینی و کلاسیکی بۆ سەرکردەو سەرکردەش بۆ بنەماڵە و هۆزو خێزانەکەی زیاتر لە کێشەکە بەتێک شکانی سەرکردەو جوڵانەوەکەی باوەڕ بەجوڵانەوەکە نامێنێ چونکە سەرکردە جێگەی کێشەکەش دەگرێتەوە لەم خاڵەدا سیستمی شوان و مێگەل دێتە ئاراوە مێژووی بزاڤی کوردایەتی شایەتی ئەم حاڵەتەیە .

## و) ئایدۆلۆژیاو دبلۆماسی :

زۆرجار مێژووی کوردو جوڵانەوەکەی بێ ئایبۆلۆژیاو پرانسیپی سیاسی و هتد.. بووە چونکە پەیوەندی یە خێڵەکی و دبلۆماسی و ئاینی تەریقەتەکە سەروتر بووە لە ئایدۆلۆژیا و هتد. سەرکردەو ئایدۆلۆژیا ئاوێتە نەبوون و زۆرجاران سەرکردە لەسەرو ئایدۆلۆژیاوە بووە ئایدۆلۆژیاش لەلایەن بیریاری کوردی یان کوردستانی لە ڕووی هزری یەوە وەبەر نەهێنراوە بەڵکو (استعارە)کراوە خوستراوە چونکە کوردایەتی کوردستانی بوونی شۆڕش وەک پرۆژەیەکی دەستوری ئاینی و هزری کەلتوری و رۆشنبیری لە زێدگەی خۆیەوە سەرچاوەی نەگرتووە بەڵکو کاریگەری دەرەکی و هزری ئایدۆلۆژیای گەلانی تر وەک ئەزموون چوارچێوەی کوردایەتی کوردستانی بۆ هێناوینەتە بەرهەم هەرگیز سەرکردەی ئێمە خوڵقێنەری ئایدۆلۆژیا نەبووە نەیتوانیوە رێبازەکەی ببێتە ئایدیایەکی نەتەوەی پیرۆز کە راو کە زەهن و کەلتوری سیاسی و ئەخلاقی سیاسی کوردی بچەسپێ و لەگەڵ ئەمەش دا لە پەیوەندی دیبلۆماسی دا شکست خواردو بووە چونکە دامەزراندنی پەیوەندی دیبلۆماسی و لۆجستی لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمی و جیهانی بەتایبەت دەوڵەتەکانی کە بە هەر هۆیەک بێت یارمەتی لۆجستی دابێت ئەو پەیوەندی یە نەچۆتە چوارچێوەی کاری دیبلۆماتیکی یەوە بەڵکە پەیوەندیەکە لەلای کورد خۆیەوە بریتی بووە لە بەزەیی پێدا هاتنەوەی یان نەیتوانیوە پەیوەندی ئۆرگانی و ستراتیژی لەگەڵ ووڵاتان و گەلانێ دا دابمەزرێنێ کە وەک هیزو بزاڤێکی نەتەوەیی لەڕوی لایەنەکەی ترەوە سەیر بکرێ زۆربەی زۆری کاتی پەیوەندی یە دیبلۆماسی یەکان پەیوەندی ئاغاو نۆکەر بووە هەر بۆیە ئایدۆلۆژیا لە ڕووی هزری و مامەڵە پێکردنەوە نەبۆتە هۆی گۆڕینی شێوەکاری دیبلۆماسی یان پەیوەندی دیبلۆماسی جوڵانەوەکە نەبۆتە هۆی گۆڕینی لە رەگ و ریشەی بزوتنەوەکە بە ئاقارێکی پۆزەتیڤ دا بەڵام بەدیوەکەی کەشدا کە نەگەتیڤە شکاوەتەوە.

## ز) هۆکارەکانی ناوخۆ :

بزوتنەوەی رزگاری خوازی نیشتیمانی کوردستان کە خۆی لە ئازادی (خاک - تاکی کورد - نەتەوە) سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری هتد دەنوێنێ نەی توانیوە لە کایە کلاسیکیە کاریزمیە سەرنەکەوتوەکان تێ پەڕێنێت بەجۆرێک پانتایی و فەزای جوڵانەوە زۆر بەرتەسک بووە لە ڕووی دیموکراتی و سلوکی دیموکراسی و سیاسەتی پلورالیزمی ئایدیا جیاوازەکان و نەبوونی هزرو تێزی نوێ ی کوردایەتی کە گوتاری سیاسی کوردی هەمیشە پێویستی پێ یەتی بۆ نوێ بوونەوەی خۆی وە ئۆرگانی و سروشتی نەبوونی تێزی بەرەی شۆڕش کە وجودی سەربەخۆی هەموو ئایدیاو پارت و رێخراوەیی سیاسی و مەدەنی دروست بکات بەڵکو تەواوی ئەو پارت و رێخراوە مەدەنی و چین و توێژە جیاوازانە هەمیشە لە فەرهەنگی دواکەوتویی وا بەستەی دا بوون و قبوڵ نەکردنی رەخنە بۆ نوێ بوونەوەی شۆڕش و هتد هەروەها کاریگەری تا ئێستاش ماوی فیکرەی پارتی سەرکردەو تێزی بەکردەوەی ستالینی لە کلتوری حیزبی سیاسی کوردیداو کاریگەری پلانی سیاسەتی پەرت کردنی دوژمنان و بە هەمیشە جەنگی ناوخۆ بە ئامڕازە جیاوازەکان لە ناو جەستەو رۆحی گەل و نەتەوەو حیزب و شۆڕش خۆیداو هەمیشە دەشتی پڕ لە ئاگری جەنگی ناوخۆیی کورد ئامادەیە بۆ شەڕی ناوخۆ لاوازی بارودۆخی زاتی دیوی ناوەوەی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد بووەو کە هەمیشە شۆڕش بە گیانی شەکەت و بێ هێزی و ناسروشتی یەوە هەنگاوەی ناوەو ئەمەش دیوی نێگەتیڤی ستراتیژی جوڵانەوەکەی دیاری کردووە کەلتوری ئاین و ئایدیای جیاواز و یەک نەگرتوش بەشێکن لە توخمی هۆکارە ناوەکی یەکان .

## ح) هۆکارەکانی دەرەوە :

کوردستان وەک وولات و گەلانی کوردستان وەک نەتەوەو ئاین و مەزهەب هەمیشە وای کردووە کە داگیر کەرانی ڕاستەوخۆی کورد وەک درزی هاتنە ناو کوردستانەوە بەکاری بهێنن و وە ڕوانگەی دوژمنانی کورد وای کردووە کە بەهێزتر لە جوڵاندنەوەی کوردی ترسناکی سەرکەوتنی شۆڕشی کوردی پیشانی دنیاو گەلانی خۆیان بدەن هەمیشە کلتوری نەتەوە سەردەستەکان بە حکومەتەکانیانەوە پڕن لەم مەسەلانە وە سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندی یە گەورەو باڵاکان هی دەوڵەتەکانی گەورەو زل هێزو وولاتە داگیرکەرەکانی کوردستان زۆربەی کات یەکیان گرتووەتەوەو جوڵانەوەی کوردی نەیتوانیوە ئەو تەوقە بشکێنێ بە سەلماندنی کەلتوری کوردی و پاراستنی بەرژەوەندی زلهێزە گەورەکان و لەدەست نەدانی هەل و مەرجە سیاسیەکان کە وەک دیاردەیەک هەمیشە لە جیهانی نزیک بەکوردا دێتە گۆڕان تا ئێستاش تواناو هێزی مادی و ئابوری سەربازی و فیزیکی و تەکنیکی هتدی دوژمنان کاریگەرانەترو باشتر لەوانەی بزوتنەوەی کوردایەتی بەکار هێنراوەو بەمەش سیمای جوڵانەوەی کوردی بێ ڕۆح کراوەو هێزی مەعنەوی بزوتنەوەی کوردایەتی هێشتا خۆی پێ ڕێک نەخراوە بەرێژەیەکی ڕەها بۆیە نەیتوانیوە هۆکارە دەرەکیەکان لەگەڵ جۆرو کات و چۆنیەتی شۆڕشەکە بەشێوازێک بەکار بهێنێ کەهەموو خاڵەکانی تر وەک دیبلۆماسی ئایدیالۆژی هتد هۆکارەکانی ناوەو دەرەوەی هتد ببنە فاکتەری ئاڵوگۆڕی سیاسی .

## گ) هۆکارەکانی سەربازی و تەکنۆلۆژی :

هەرگیز هێزی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد لەڕووی فیزیکی و مرۆیی یەوە بەشێوەیەکی ڕەسمی سوپای ڕوبەڕوی هێزی داگیرکەران نەبۆتەوە لەهەمان کاتدا نەبوونی تەکنیک و هونەری زانستیانەی جەنگ بەهۆی تەکنەلۆژیای ئامێری جەنگی یەوە زۆربەی کەرەستەی جەنگی لەسەردەست کەوتەکان بووە لەگەڵ سوپای داگیرکەران دا لەجەنگ وەیان کەمێ یارمەتی سیلاحی بچوکی تەقلیدی و لەبەرامبەر ئەوانەش دا دوژمنان جگە لە ئیدارەو سوپای تەکنەلۆژیای ئامێرو کەرەستە جەنگیەکانی سەردەم هێزی سوپای پیادەو تانک و زرێپۆش وهێزە تایبەتیەکان و هێزی سەربازی و ئاسمانی و فڕۆکەو کۆپتەرو چەکی کۆمەڵ کوژو ڕۆڵێکی سەرکەوتنی بووە وە کوردیش ئەتوانێت بەهۆی دروست کردنی چەکی مۆدێرن و نا تەقلیدی و ڕۆکێتی بالیستی کە لەڕووی تەکنیکی یەوە پێش بخرێت هەڕەشەو مەترسی جەنگینی سوپاو گەلانی سەردەستی پێ بترسێنێ کە هیچ نەبێ جەنگی شۆڕشی خەڵکی کوردستان نەکەن ئەگەر بێت و ئەو جەنگە بکەن دیارە جگە لە دەسەڵات نەتەوەو کەلتورەکەیان داخوازو خوازیاری ئەو جەنگەیەو وەک چۆن داگیرکەران گوێ بەهیچ سیستم و یاسایەکی نێودەوڵەتی و جەنگ نادەن دەبێت کورد جگە لە ڕاکێشان و سەرنجی ڕای گشتی و جیهانی و گەلانی ناوچەکە بەڵام ئامێرو کەرەستە سەربازیەکان ئامێرو تەکنەلۆژیە سەربازیە مۆدێرنەکان بەهەر نرخێ بێ دەست بخەن و مامەڵەی هەمان شێوە لەگەڵ سوپای کۆڵۆنیالی داگیرکەردا بکەن کە ئەمەش بەشێکە لە ستراتیژی نوێ ی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نیشتیمانی خەڵکی کوردستان ئەزمونی سەربازی نوێ بخوڵقێنێ کەفشاری دەرونی بخاتە سەر دەسەڵات و خێزان وشەقامی گەلانی داگیرکەر ئەگەر سۆزو هاریکاری جوڵانەوەی کورد نەکەن لایەنی کەم لە دوژمنایەتی کردنی بترسن جەنگ لە کوردستان بخرێتە ناو جەرگەی دوژمن بە کردەوە بەمەش تا ڕادەیەک بڵانسی هێز تەریب دەبێت بۆ ئیرادەی ڕزگاری و سەرکەوتن .

ماڵپەری خوێندکارانی ناسۆنالیستی کورد

# دێموکراسی لە نێوان ئازادی و دیکتاتۆری دا



وریا ڕەحمانی

ئایا دەکرێ کاتێک کە مرۆڤ خۆی بەرهەمی ژیانە، بە سووکی بگرێ؟! ئەو هەوڵە بێ وچانەی مرۆڤ بۆ خودسانسۆڕی و شاردنەوەی چەمکە بنەماییە وجوودییەکانی وەک بوونەوەرێکی گیانداری خاوەن بیر لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟! ئەو جۆری هەڵوێست و وێنا کردنەی مرۆڤ لە خۆی لە قووڵاییەکانی دەروونییەوە هەڵدەقوڵێ یان ریشەی لە دەرەوەی چەمکی پێکهێنان و خواست و ئیرادەیدا هەیە؟

لێرەدا بە هیچ شێوەیەک مەبەستم وێنای کۆمەڵگایەکی بێ سەرەوبەرەی ئاڵۆزی نابەرپرسیارانە نییە کە تێیدا بەناوی ئازادیی مرۆڤ کەرامەت و بایەخی ئینسانی بکەوێتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە. کەچی ڕێک بە پێچەوانە ئەم نووسینە بەربەرەکانییەکی ڕاشکاوانەیە لەگەڵ ئەو شێوازی بیرکردنەوە و ئاراستانەی بەناوی کەرامەت و بایەخی ئینسانییەوە بە پێشکەشکردنی کۆمەڵێک دەستە بۆچوون و هاوکێشەی دیاریکراوی هاوشێوەی لە دەرەوەی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی مرۆڤەوە، وەک مرۆڤ، بەردەوام لە هەوڵی کۆیلاندن و بەلاڕێ بردنی ئاراستەکانی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دان. کاتێک «شاملوو» لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە برینە ژێلەمۆییەکانی دەروونی دەکولێنێتەوە و وردبینانە خەسارناسیی کۆمەڵگاکەی دەکات، دەڵێ «هەرگیز هیچکەس بەمشێوە بێرەحمانەیە بە دژایەتی لەگەڵ خۆی هەڵنەستا، کە من لەگەڵ ژیانمدا».

بەداخەوە وێدەچێ زۆر بە کەمی دەرکی شیاوی ئەم حەقیقەتەمان کردبێ کە نوێنگەی ڕاستەقینەی بوونایەتیمان، ژیانمانە و پەیبردن بە هاوپێوەندیی لێک نەبڕاوەی ئەم دوو چەمکە سەرەکییەی فەلسەفەی وجوودیمان وێنایەکی مسۆگەرتر بە مرۆڤ بوونمان دەبەخشێ.

«فرێدریش نیچە» لە گوتارێکی رۆشنگەرانەدا بەناوی «انسان مصلوب»، بە بەرپرسایەتییەوە نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە دۆڕاندنی بایەخە پیرۆزەکانی ژیان لە بەرامبەر هێمای خاچێکی بێ گیان دا لەلایەن مرۆڤەوە دەردەبڕێ و رەخنەی توند لەو کەسانە دەگرێ کە بە پێگە و بوونی خۆیان نازانن. لە کەڵکەڵەی بیر و فەلسەفەی نیچەدا مرۆڤ رێزێکی تایبەتی هەیە و وەک پێوەری سەرەکی و پیرۆزی ژیان بەواتای بوون دەژمێردرێ.

کەچی مرۆڤ (یان باشتر ئەوەیە بڵێین بەشێک لە مرۆڤ کە خوازیاری بە دەسەڵات گەیشتن بوو) لە هەڵوێستی ئیرادەی هێزەوە کەوتە هەوڵی ئاراستەدار کردنی ئەندێشە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگا لە چوارچێوەیەکی سنوورمەندی دیاریکراوی تایبەتدا. هەموو ئەو پێکهاتانەی کە پێیان دەڵێن مەکتەب و ئیدیۆلۆژی (زەوینی یان ئاسمانی) بە درێژایی مێژوو بە یاریکردن بە کۆمەڵێک فاکتۆری هەستیاری وەک نائاگاهی و ترس و بێزاری و خولیای دنیایەکی جوانتر، بەداخەوە هەرگیز بەڵێن و ئامانجەکانی خۆیانیان بەجێ نەگەیاندوە و بە پێچەوانەوە بەردەوام چەوسانەوە و بێزاری و سەرگەردانیان بۆ مرۆڤ بە خەڵات هێناوە. لە دەروونی چوارچێوەیی ئەم ئەندێشە کردارییانەدا مرۆڤ وەک بەدیهێترین چەمکی ژیان و ژیان وەک پێودانگی سەرەکیی بوون، تا ئاستی کەرەستە بوون و بەستێنێکی کەرەستەیی لە بایەخی وجوودییان کەم کراوەتەوە و گرینگایەتیی پیرۆزتر بەو رەهەندانە دراوە کە لە ئەساسی خۆیاندا بەبۆنەی ئەم دوو تۆخمەوە پێناسە دەکرێن. کاتێک کە سەیری حەقیقەتی پێکهاتەیی ئیدیۆلۆژی و مەکتەبە عەقیدەتییەکان دەکەین بە روونی بۆمان دەردەکەوێ کە زۆر زیاتر لەوەی لە خزمەتی بەرژەوەندی و چارەسەری گرفت و نیگەرانییەکانی مرۆڤدا بن، لە راستای چەوساندنەوە و بێ بایەخیی زێدەتریدا بوون.

«کێ دەبێ حکوومەت بکات؟» وەک چۆن «پۆپێر»یش دەڵێ رەنگە ئەوە خود هەڵەترین پرسیارێک بووبێ کە بە درێژایی مێژووی سیاسیی جیهان مرۆڤ لە خۆی کردبێ و هەر جارەی کەس یان لایەنێکیش لە روانگەی خۆیەوە و بە گوێرەی ئاستی تێگەیشتن و لێکدانەوەی تایبەتی خۆی وڵامێکی داوەتەوە.

لە راستیدا ئیدیۆلۆژییەکان لە دڵی ئەم پرسیارەوە سەریان هەڵداوە و رەنگدانەوەی راشکاوانەی وڵامی ئەم پرسیارەن و ئەم پرسیارەش خود سەرەکیترین چەمکی پێکهێنەری رەوتی کلاسیکی مێژووی سیاسیی جیهانە. ئەم پرسیارە بۆ یەکەمجار بە شێوازێکی داڕێژراو لەلایەن ئەفلاتوونەوە هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی جیهانەوە، بەڵام دیارە چ پێش ئەو و چ دواتریش سەرەکترین کەڵکەڵەی ئاراستە دیکتاتۆری و ئیدیۆلۆژیەکانی مێژوو بووە.

یۆنانییەکان ناوگەلێکی جۆراوجۆریان بۆ پێناسەکردنی شێوازە جیاوازەکانی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی حکوومەت دەسنیشان کرد. رەنگە هۆیەکەشی ئەوە بووبێ کە دەیانەویست بە گونجاوترین مۆدێلی حکوومەتی بگەن و بیناسن. ئەم گریمانەیە لەلایەن ئەفلاتوونەوە داڕێژرا و لە پێنج خشتەی جیاوازدا لێکدرایەوە،

١- پاشایەتی: حکوومەتی کەسێکی باش (تاک)
٢- دیکتاتۆری: حکوومەتی کەسێکی خراپ (تاک)
٣- دەسەڵاتی ئەشراف: حکوومەتی چەند کەسی باش (کەمینە)
٤- ئالیگارێشی: حکوومەتی چەند کەسی خراپ (کەمینە)
٥- دێموکراسی: حکوومەتی خەڵکی (زۆرینە)

دیارە کە ئەفلاتوون، خۆی، چوار شێوازەکەی یەکەم رەت دەکاتەوە و خشتەکانی « ١ و ٣ » یش بە نائەخلاقی دەزانێ و دەڵێ کە ئەم دوانەش لە ئاکامدا بە چەواشە دەکێشرێن و لە دەروونی خۆیاندا پتانسێلی بە خراپ بوونیان تێدایە. بەڵام لە حاڵەتی دواییندا تەنیا مۆدێلێکی حکوومەتی دەناسێنێ و بە باشیشی دەزانێ. تەنانەت ئەساسی فەلسەفەکەی خۆی و کتێبە بەناوبانگەکەی (کۆمار)یش لەسەر ئەو بنەمایە دادەرێژێ.

«کێ دەبێ حکوومەت بکات؟» لە راستیدا ئەم پرسیارە (بە شێوەیەکی ناخۆدئاگا) هێشتاش گرینگترین چەمکی پێکهێنەری ئیدیۆلۆژی و باسە سیاسییەکانی رۆژە و هەرکەس و هەر لایەنێکیش بە پێی ویست و ئاراستە هزرییەکانی خۆیەوە بەرەو ئاقارێکی بردوە.

پێغەمبەران، مارکس ولێنین، هیتلێر و مۆسۆلینی و هەروەها زۆریەک لە سیاسەتمەدارانی هاوچەرخیش زۆربەی کات لە ناخودئاگای خۆیاندا بە شێوەیەکی ماندوونەناسانە بیریان لەوە کردۆتەوە و کاریان بۆ کردوە. هەرکاتێکیش کە دەستوور و یاسایەکی گشتییان داناوە، زیاتر لە هەموو شتێک وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بووە کە «کێ دەبێ حکوومەت بکات؟» وڵامی خودی ئەفلاتوون بۆ ئەم پرسیارە ئەوە بوو: « خەڵک (زۆرینە)ی باش»، کە راشکاوانە وڵامێکی ئەخلاقیی ناتەواو بوو. پێغەمبەران لایەنگری دەسەڵاتی ئایین و حکوومەتی رێبەرانی ئایینی بوون. مارکس و لێنین پێیان وابوو کە پێویستە بۆ دەربازبوون لە هێزی سەرمایەداران و نەمانی چەوسانەوەی مرۆڤ دەبێ کرێکاران و زەحمەتکێشان لە دەسەڵات دابن. سەبارت بە هیتلێریش کە راشکاوانە لە روانگەی هێزەوە سەیری دەسەڵاتی دەکرد ئاشکرایە وڵامەکەی تەنیا «من» بوو. وێدەچێ کە ئەویش وەک زۆربەی پێشینیانی خۆی پێی وابووبێ پرسیاری حکوومەت. لە ناخی خۆیدا، پرسارێکی بنەمایی یە.

پڕ دیارە کە چۆن لە شێوازە ئیدیۆلۆژیکەکانی حکوومەتدا کە هەمیشەش دیکتاتۆریی لێ دەکەوێتەوە جێگای دال و مەدلول لە نێوئاخنی سیستمی سیاسیی کۆمەڵگادا دەگۆڕدرێ و بەجێی ئەوەی لە روانگەی چۆنێتی بەڕێوەبردنی وڵاتەوە سەیری دەسەڵات بکرێ، لە رەهەندی دەسەڵاتەوە حکوومەت و نیزامی بەڕێوەبەرێتیی سیاسیی و.. لێکدەدرێتەوە و پێناسە دەکرێ. ئیدیۆلۆژیی حکومەتی زۆرینە لە مۆدێرنتیرن و لە هەمان کاتیشدا خەتەرناکترین شێوازەکانی تیۆریی سیاسیی جیهانە کە بە هەڵە دێموکراسیی پێ دەگوترێ. چون سەرەڕای ئەوەی کە وەکوو شێوازە دیکتاتۆرییەکانی دیکە لە روانگەی ئیرادەی هێزی (جەماوەری زۆرینە) وە دەدوێ، لەگەڵ ئەوەشدا مەشرووعییەتێکی بەرینی جەماوەریی پێناسەکراوی داڕێژراو لە پشت خۆیەوە دەبینێ و کەڵکی لێ وەردەگرێ.

حکوومەتی زۆرینە لە باشترین حاڵەتی خۆیدا پێشێلکردن یان لانیکەم بە کەمگرتنی مافی کەمینەیە. کە بە داخەوە لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتن و لە پێگەی هێزەوە ئیتر توانایی

لابردن و بەربەرەکانی کردن لەگەڵی لە دەست کۆمەڵدا نامێنێ.

(بە گشتی دیکتاتۆرێ هەلومەرجێک پێکدێنێ کە ئێمە بەرپرسیاری نین و ئینجا تەنانەت گۆڕانیشی لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە).

کە وایە بەرپرسیاریەتییەکی ئەخلاقیمان هەیە کە هەرچی لە توانامان دایە بە کاری بێنین بۆوەی لە پێکهاتنی بارودۆخێکی ئاواهی پێشگیری بکەین. زۆربەی حکوومەتە دیکتاتۆرییەکان یان ئەوانەی لە دوایییدا بە دیکتاتۆرێتی دەگەن، لە سەرەتاوە و لە کاتی ئۆپۆزسیۆنیدا بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازە دێموکراتیکەکان و لەرێی هەڵبژاردنەوە بە دەسەڵات گەیشتوون.

کە وایە (دێموکراسییەکان حکوومەتە خۆشەویستەکانی هەموان نین، بەڵکوو بە واتایاکی تر ئەو مەودایەن کە خاوەنی ئامرازی خۆپاراستن لە بەرامبەر دیکتاتۆرییەکان دان).
لە راستیدا دێموکراسی بەستێنی دژکردەوەیی و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئۆتۆریتەی پاوانخواز و هێژێمۆنیی دیکتاتۆری یە و رێ لە کۆکردنەوە و پاوانی هێز و دەسەلات لە شوێنێکدا دەگرێ و سنووری یاسایی و دەسەڵاتی دەوڵەت دیاری دەکات.

لە پێکهاتەی ئەدەبیاتی سیاسیی لیبراڵ و دێموکراتخوازیی مۆدێرنی جیهانیدا پرسیارە لە مێژینەکەی «کێ دەبێ حکوومەت بکات؟» ئیتر ئەو کاریگەری و گرینگایەتییەی نامێنێ و «پۆپێر» گوتەنی پێویستە پرسیاری تەواو جیاواز و مرۆڤانەتری «ئایا شێوازێکی حکوومەتی هەیە کە رێمان پێ بدا بەگوێرەی پێویست بتوانین خۆمان لە دەست حکوومەتێکی ئەهریمەنی یان تەنانەت نەشیاو رزگار بکەین؟» جێگەی بگرێتەوە. لێرەدا بنەمای چەمکی پرسیار و وڵامی حکوومەت ئیتر لە چوارچێوەی کەس یان لایەنێکی تایبەتی دیاریکراودا نامێنێتەوە و سەرنجی شایان بە رەهەندەکانی چەندوچۆنیی بەرێوەبەرایەتیی حکوومەت دەدرێ. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە (دێموکراسی دەبێ ئەگەر و رێی دەرباز بوونی بێ توندوتیژیمان لە دەستی دەوڵەتێک کە رێزی ئەرک و بەرپرسایەتیەکانی خۆی ناگرێ، بۆ دەستەبەر بکات).

لە راستیدا کێشەکە لەوەدا نیە کێ حکوومەت بکات، بەڵکوو پێویستە چەندوچۆنیی دەسەڵات و سنوورەکانی دەوڵەت دیاری بکرێت، ئەوەی کە دەوڵەت دەبێ چۆن بێ. خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە دەوڵەت نابێ زیاتر لە ئاست و گوێرەی پێویست حکوومەت بکا و دەسەڵاتی هەبێ. یان بەواتایەکی دیکە وڵاتێک دەبێ چۆن بەرێوە بچێ. ئیتر گرنگ نییە کێ یان جۆرێکی تایبەت (تاقمێک کە خۆیان بە خەڵک دەزانن) حکوومەت بکەن. پێویست ناکا لێیان بترسین یان ناچار بین کە بترسین. کە وایە (دێموکراسییەکان، ئەو مەجال و مەودایانەی بەرێوەبەریی وڵات و کۆمەڵگەکانن کە بۆ بەرگری کردن لە ماف و ئازادییە ئینسانییەکان، لە هەر شێوازێکی حکوومەتی دروست بوون). لە دێموکراسیی پۆست مۆدێرن و ئەکتیڤی لیبراڵ و مرۆڤخوازانەی سەردەمدا ئاراستەی پەیڕەی دەسەڵات لە خوارەوە بۆ سەرێ یە و دەسەڵات شەرعییەتی خۆی لە گشت قۆناغەکان دا بە کردەوە لە کۆمەڵگاوە وەردەگرێ.

سەرچاوەکان:

١- انسان مصلوب، فردریش ویلهلم نیچه
٢- جامعەی باز و دشمنان آن، کارل پوپر

٩ی رێبەندانی ١٣٩١

ویبڵاکی وریا رەحمانی

# تەنیا زانین و یەکگرتن هێمای سەرکەوتنی گەلی کوردە



ئەحمەد دەشتی

گەلی کوردیش وەک هەموو گەلانی جیهان مافی خۆیەتی کە لەسەر خاکی خۆی دا ژیانێکی ئاسودە و رەهاو سەربەخۆی خۆی هەبێت و دوور بێت لە هەموو پەلامارو هێرش و نارەواییەک کە لە لایەن هێزەکانی بێگانەو دەرەکی و ئەو داگیرکەرانەی کە سالەهای ساڵە گەلی کوردیان بەو دەردەوە بردووە بەو هەموو کارەسات و ماڵوێرانی و ئاوارەیی و نەبوونی هەموو مافێکی نەتەوایەتی خۆی گەیاندووە و کوردستانێکی پڕ لە تەرم و خوێن و هەستی کۆنەپەرستی و گەلێ گیرو گرفتی ژیانیان بۆ ئەم کوردە هێناوەتە ئاراوە و وایان بە سەر ئەم گەلە چەوساوەیە هێناوە کە تا ئەم ساتەش ناتوانێت وەک پێویست بژیت و بۆ خۆی بکارێت کە سەرپەرشتی خۆی لە هەموو رووێکەوە بە تەواوی بکات و نیشتمانی خۆی بەرەو پێشەوە بەرێت و وەک هەموو گەلانی ئازادە لە هەموو بوارەکانەوە ئەسپی زانستی خۆی تاو بدات و پێشبکەوێت و تەکنەلۆژیای گەلی کوردیش روو لە بەرزی و ئەوپەڕی سەرکەوتنەکان بکات. بەڵێ دەبینین کە بە درێژایی مێژوو دەستی داگیرکەرانی خوێن رێژە چەپەڵ هەمیشە بۆ سەر خاکی کوردستان درێژ کراوە و ئەم گەلە کوردەیان هەتا ئەم ساتەش بێبەش کردوە لە هەمو مافێکی نەتەوایەتی و مافی چارە نوسی خۆی، کوردیان بێ بەش کردووە لە بوونی وەڵاتێکی سەربەخۆ و پڕ لە سەربەستی و ژیانی ئاسودە و

پێشکەوتوانە.

ئەگەر بە وردی بڕوانینە دیرۆکی خەم و ئازارەکانی گەلی کورد گەلێک ڕاستیەکانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و چاک دەزانین کە هۆکارەکانی ئەم هەموو دوا کەوتن و نەبوونی مافی نەتەوایەتی کورد و وێران کردنی کوردستان بۆچ ئاوا بووەوە و بۆچی کوردیش تا ئەمڕۆکە هەر سەربەخۆ نەبووە ؟ هەر لەو دەمانەوە کە داگیرکەرانی کوردستان پێیان ناوەتە سەر خاکی کوردستانەوە هێندە نامرۆڤانە بە هەست و هێزی سەربازیانەوە پەلاماری گەلی کوردیان داوە کە لەهیچ کارێکی جنایەتکارانە و درندانە دا نەپەنگاونەتەوە و هاتوون ئەم کوردستانەیان کردووە بە گۆمی خوێن و خاکی کوردیان دابەش و لەت لەت کردووە، بە هەزاران هەزار مرۆڤی کوردیان شەهید کردووە، زیندە بەچاڵ و ئەنفال و چەکە کوشەندەکانیان دژ بە گەلی کورد بەکار هێناوە و ڕۆڵەکانی دڵسۆزی کوردستانیان لە ناو بردووە و لە هەر شوێنێکی ئەم کوردستانە کە کورد سەری هەڵدابێت و شۆڕشی دژ بە داگیرکەرانی ئەنجام دابێت،ئەوا داگیرکەران هاتوون بە خوێن ڕشتن و لە سێدارە دان و پەلاماری هێزی سەربازیان خامۆشیان کردووە و کارێکیان بە سەر گەلی کورد هێناوە کە لە مێژووی مرۆڤایەتی دا دەتوانم بڵێم بێ وێنەیە.

خۆ گەلی کوردی هەژارو چەوساوەش بۆ خۆی بە دەردی نەزانین و یەکنەگرتن گیروده بوە و هەتا ئەمڕۆکەش وەک پێویست دوژمنی خۆی نەناسیوەوە، وەک ڕابوردو ئەمڕۆکەش سادە دلانە پشتی بە نەیارانی خۆیەوە بەستووە و لەکاتی کزی دوژمنان دا هاوکاریەتی بۆ ژیانەوەی دوژمنانی خۆیەوە کردوە،هەر بۆیەشە کە تا ئەمڕۆ لە ژێر دەستی ئەو نەیارانە دا گەلی کورد نالاندویەتی و ماوەتەوە،کورد هەتا ئەم ساتەش گەلێک بە سادە دڵیەوە ڕووی لە دوژمنانی خۆیەوە دەکات و زۆر دۆستانە دەڕوانێتە نەیاران و پاک دلانە لێیان دەچێتە پێشەوە،تا دوژمنانی کورد فرسەتیان وەرگرتووە ئەوسا لە پشتەوەڕا و لە ژێر پەردەوە بە خەنجەر ژەهراویەکانیان گەلی کوردیان پارچە پارچە کردووە.خۆ دیارە کە گەلی کورد بە خۆشی هێندە کاری چاکی نە کردوە جگە لە قوربانی دانەکانی،کوردبێت یەکگرتوانەوە دڵسۆزانە دژ بە دوژمنانی خۆیەوە هەرگیز نەوەستاوە، هەر لە مێژووی کۆن و تازەوەش واتە تا ئەمڕۆش گەلێک لە کوردان هەوڵیان لە پێناوی سەرکەوتنی دوژمنانی خۆیان داوە و گەلێ لە خائین و خۆفرۆش و بەکریگیراوان چوونەتە پاڵ ئەو دوژمنانە دڕندانەو هاوکارو هاندەری تێک شکاندن و لە ناو بردنی بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد بوینە و لە پال نەیارانەوە پەلاماری گەل و نیشتمانی خۆیان داوە و دەستی داگیرکەرانیان بۆ سەر ماڵ و ژیانی نەتەوەکەی خۆیان درێژ کردوەو بەشداریان لە کوشن و بڕینی بە کۆمەڵی ڕۆڵەکانی هاو زمانی خۆیان کردووە و زۆر بێ شەرمانە و نامەردانە بوونەتە هۆرەی داری ئازادی و سەربەخۆیی کوردو کوردستان و جاشەتیو نۆکەری و ڕیزی دوژمنانیان لە خەبات بۆ نەتەوەکەیان لا باشتر بووە، دەبینین تەواوی گەلانی دەورو بەری کوردستان هەمویان بە قەوارەی نەتەوایەتی خۆیان هەر لە زوو را لە ژێر پەردەی زۆر ناوەوە شاد بوینە و نیشتمانی خۆیان ڕزگارو سەربەخۆ کردووە و دینیشیان بۆ گەل و نیشتمانی خۆیان بە کار بردووە و بە کاری دەبەن،بە پێچەوانەی گەلی کورد کە تا ئەم ساتەش وەک پێویست نەی توانیوە کە خۆی لە خەڵکانی بێگانەو داگیرکەران بە باشتر بزانێت و سود لە هەڵ و مەرجەکان ڕۆژگار وەربگرێت،کوردیش خۆی بۆ خۆی بێت و هاوکارو یەکگری و یەک ڕەنگی و دڵسۆزی نێشتمانی خۆی بێت، دەبینین ئێستاش کورد هەریەکە هاتووە بە دۆڵێکەوە لێ دەدات هەریەکە بە هەستی تەسک ونەزانینەوە بۆ لایەکی دژ بە کوردایەتی ڕاکیشاوە و ئێستاش گەلێک هەن کە دوژمنیان لە خۆییەوە پێ چاکرە.

کورد تا ئەمڕۆش نەیتوانیوە کە لە ئاستی ڕۆژگارانی خۆی دابێت،هەر بۆیەشە کە گەلی کورد توش بە کارەسات و نەهامەتی زۆرەوە هاتووە و سودی لە هەل ومەرجەکان بۆ سەرکەوتنی خۆی وەر نەگرتووە، وەک شاعیر دەڵیت: تاجی ئیستقلال بێ سەرچوو چە نەفعێکی نەدا چەققە لولە و بابەڕۆ پشتم شکا ڕۆژی نەدەم) ئەگەر ئاوڕێک لە دوێنێکەوە بدەینەوە دەبینین کە دوژمنانی گەلی کورد و خیانەتکاران و ئەوانەی کە بە دۆڵی نەیارانی کوردو داگیرکەرنیان لیداوە چیان وەسەر ئەم گەلە کوردە بەشخوراوە هێناوە هۆیەکانی بروونی هێندە کەمتر نین لە هۆکارەکانی دەرەکی و ئەو هەموو پەلامار و گیرو گرفت دروست کردن و نارەوایی کردنی داگیرکەرە دڕندەکان دژ بە گەلی کورد زۆری بە هاوکاریەتی خیانەتکارانی کوردەوە بووە، ئەگەر کوردیش هەر لە ڕۆژگارانی زوودا یەکی گرتبا و دەستی خیانەت و خیانەتکاری لە ناو گەلی کورد لە لایەن گەلێکەوە پەرەی نەسەندبا و کوردانیش ئەوەی کە بۆ دوژمنانیان کردووە دڵسۆزانە بۆ خۆیان ئەنجام دابایە و دەست و هۆرەی داگیرکەران نەبوونایە ئەوا ئەمڕۆ کوردیش خاوەن دەولەت و قەوارەی خۆی دەبوو، بەڵام وەک خانی هێژاو نەمر بەر لە سێسەد ساڵ لەمەوبەر دەڵێت:

گەردی هەبوایە مە ئیتفاقەک
ویکڕا بکرامە ئینقیادەک
ڕۆم و عەرەب و عەجەم تمامی
هەمیان ژمە را دەکرد غولامی

بەڵی خانی مەزن گەلێک گەلێک راستی فەرمووە،ئەگەر کوردیش لە گەل یەکدا پاک و دڵسۆزو یەکگر با، ئەوا هەرگیز وامان بە سەر ناهات و کوردستانیش ئەمڕۆ لە ڕێزی گەلانی ئازادەو سەربەخۆ و ڕەها دەبوو،ئەمڕۆ دەمان بینی کە ئاڵا ڕەنگینەکەمان وەک هەموو گەلانی جیهان لەکوردستان و لە سەر باڵاخانەی نەتەوە یەکگرتوەکان و هەموو دونیا دا دەشەکایەوە و نەخشەی ڕەنگینی کوردستانیش لە ناو نەخشەو ئەتلەسەکانی جیهان دا دەدرەوشایەوە، کوردیش وەک خاوەن قەوارەیەکی نەتەوایەتی خۆیەوە لەهەموو جیهان دا حسابێکی بۆ دەکرا و دەناسرا. بەڵام بە داخەوە کە تا ئەمڕۆش ئەم هەستە نارەواو خەسلەتە سەقەتانەی کە لە دیرۆکی کورد کۆنەوەش باو بوینە هەتا ئەم ساتەش لە کوردستان و لە ناو گەلی کوردا هەر باوەو نەبڕاوەتەوە، ئەوەندەی کە خۆمان یەکتر سوک و ڕیسوا دەکەین و بە فیتی دوژمنان چاڵ بۆ یەکتر هەڵدەکەنین و درۆ و بوختان زۆر نارەوایهانە و بە فیتی دوژمنان بۆ یەک سازدەکەین و پەلاماری گەورە مەردانی خۆمان دەدەین و هیچ پەندێکیشمان لە رابوردوو وەر نەگرتووە و ئیستاش کورد لە گەل دوژمنانی خویان دا هەر وەک جاران ڕەفتار دەکەن و گەلێک سادە دڵانە و خۆش باوەڕانە و ساویلکانە و نەزانانە دەست بۆ دوژمنانی دیرۆکی دڕندەو کورد کوژ درێژ دەکەن و باوڕ بە نەیاران دەکرێت و دوژمنانمان لە خودی خۆیی بەلاوە چاکترە و بۆ یەکتریش قوزەلقورتین و چی خەراپە دژ بە یەکتر وا دەیکەین و

هەرچی کاری گەندەڵی و نارەواییە لە سەر حسابی نەتەوەکەی خۆامن گەلێک ئەنجامی دەدەن و تا خەراپە هەبێت اکری چاک نەکەن.


دەبینین دوژمنانی داگیرکەر چۆن پیلان دژ بە کوردو کوردستان دەگێرن و چۆن دەیانەوێت دیسانەکە لە پشتەوەرا بە بەهانەی گەلێ شتەوە خەنجەرە ژەهراویەکانیان بوەشێنن و کوردستان توش بە کارەسات و نالەباریەکان بکەنەوە، دەبین ئەوانەی کە دوژمنن و کورد ئەوان بە دۆستانی خۆشیان دادەنێن و دەبن بە هاوکارو هاوپەیمانیان و لە گەلیان دا دەبن بە هەڤاڵ و کەچی ئەوان دێن دژ بە کورد لە گەل داگیرکەرە درندەکانی کوردستان دا دێن و دەچن و پرۆتۆکۆلەکانیان لە گەل دا ئیمزا دەکەن و لە سەرەوە بە ناو دۆستی کوردانن و لە ژێرەوەشرا چاڵ بۆ کورد لە گەل داگیرکەرانی کوردستان بەیەکەوە هەڵ دەکەنن و پەیمان دەبەستن بۆ لیدانی بزوتنەوەی ئازدیخوازی کورد و کوردستان، دەبینین کە ئەوان بۆ لە ناو بردن و ڕاوە دونانی ئەو هێزە کوردیانەی کە وان لە سەنگەری خەبات و تێکۆشان دان و تەنیا داوای مافە ڕەواکانی گەلی کوردی چەوساوە دەکەن و بە ناوی ترۆریست و پیاو خەراپ و مرۆ کوژیان ناو دەبەن، ئەوان دوژمنانە خۆیان لە یاد دەبەنەوە کە ئەوانن ترۆریست و بڕیار دەری کوشتن و بڕینی هەزارەها کورد و بە هێزی زەبەللاحیانەوە ترۆر دەکەن و ماڵی کورد وێران دەکەن و مافی گەلی کورد بە زۆری زۆرداریان زەوت دەکەن و لێ ناگەڕێن کە گەلی کورد لە ناو لانەی خۆی دا بە ئاسودەیی و ئارامی بژیت،سەردانەکەی مالکی سەرەک وەزیرانی عێراق یەکێکە لەو پیلانانەی کە بۆ هاوکاریەتی و ئاژاوە نانەوە لە کوردستان دا بە تایبەتی ئاژاوە نانەوە لە باشوری کوردستانەوە دابین کراوە،ئەوانە دەیانەوێت کە گەلی کورد دیسانەکێ توش بە کارەساتەکان بکەنەوە و بەیەکەوە لە گەل داگیرکەری تورک دا بێن و کەلەگایی لە گەلی کورد بکەن و کارەساتەکانی دیرۆکی کۆن زیندوو بکەنەوە، هەروەک چۆن داگیرکەری تورک ماڵ و حاڵ و هەموو بوونێکی ئەم گەلە کوردە هەژارەی زەوت کردووە و وەک دەولەتێکی ترۆریست لە بەر چاوی هەموو جیهان دا کورد دەکوژێت و هەڕەشە لە کورد دەکات و خاکی کوردستان وێران دەکەن و لەشکر کێشی بۆ سەر گەلی کورد دەکەن و دڕندانە کوردستان بۆردومان و کاول دەکەن و هەموو مافێکی ژیانی گەلی کوردیان بە تێکرایی زەوت کردوە و ناوی ترۆریستی خۆیان لە هێزی بزوتنەوەی ئازدیخوازی گەلی کورد دەنێن و بێ شەرمانە هەڕەشەو گورەشە لە نەمانی گەلی کورد دەکەن.


ئەوان دوژمنانە پێشیان وایە کە هەر ئەوان ڕاست دەکەن و گەلی کورد هیچ مافێکی نەتەوایەتی خۆیان نیەو دەبێت گەلی کورد سەرکوب بکرێن، ئەوەی کە بۆ نەتەوەکانی خۆیان بە مافی ڕەوای دەزانن بەڵام بۆ گەلێکی ٥٠ پەنجا ملیۆن کەس بە گوناە و ناراستی دەبینن، بۆیەکە ئەمڕۆ و بۆ هەمیسە دەبێت کە گەلی کورد هێندە تێگەیشتبیت و چاک بزانێت کە داگیرکەرانی کوردستان هەر ماون و لە پیلان گێران دان و لە هەموو کاتێک دا گشتیان یەکن و هەوڵیان بۆ نەمانی گەلی کوردە و هەر بۆیان بلوێت دەست بۆ هەموو جنایەتێک دژ بە کوردو کوردستان دەبەن، دەبێت ئێمەی کورد هەموو بگرەو بەردەو قسە پڕوپوچ و نارەواکان و بوختان و درۆ هەڵبەستنەکان کە دژ بە کورد لە زۆر شوێن و زۆر کەنالەوە بلاو دەکرێتەوە هەمیان ڕیسوا بکەین،چونکە تەنیا بۆ سوکایەتی و دژایەتی کردنی گەلی کوردە کە دەکرێت،جا دەبێت ئەم فیتە حەرامزادانە هەمووی باش بناسین و نەفرینیان لێ بکەین و تەنیا خەباتمان بۆ کوردو کوردستان بێت، دەبێت گەلی کورد تا ئەمڕۆ زۆر چاک بزانێت کە سەرکەوتنەکان لە کوێوەیەو چلۆن دکارین دەستی خیانەتکاران وخۆفرۆشان و نۆکەارنی دوێنێ و ئەمڕۆ لە میخ را ببڕین و ڕێگا بە هیچ شێوەیەک بەوان کەسانەو گەندەڵکارانەوە نەدرێت کە ئەمجارەش بێنەوە مەیدان و کوردستان بخەنەوە ژێر چنگی دڕندەکان و مرۆکوژەکان و دکتاتۆرەکانی وەک سەدامی دیسان بێننەوە مەیدان، دەبێت هەموو کوردێک فیتەی حەرامزادەکان و دەست و پێوەندو گەندەلکارەکان چاک بناسێت و لێ نەگەڕێت کە خیانەتکاران و خۆفرۆشانی دوێنێ ئەمڕۆ بێنە سەر کارو گەلی کورد توش بە کارەساتەکان بکەنەوە،دەبێت گەلی کورد هەرگیز تەسلیم بە ئیرادەی دوژمنان و ئەو نۆکەرو خائینانە نەبێت کە هەمیشە لە سەنگەر دان و لە هەموو کەنالەکانەوە بە کەسایەتی و دیرۆکی کوردو کوردستان دەڕەون و خۆیان بە دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و پاک دادەنێن و هێرشی نارەوایانە لە ژێر پەردەوە دەکەنە سەر کوردو کوردستانەوە،دەبێت کورد هەرگیز لە یاد خۆی نەباتەوە کە داگیرکەران و دوژمنانی کوردستان لە سەنگەر دان و واز لە هێرشو پەلامارو دروست کردنی گیرو گرفتەکان ناهێنن و هەرگیز نایانەوێت کە کوردو کوردستان سەربکەوێت بە تایبەت لەم هەلە مەزنەی ئەمڕۆی کوردستان دا.

ئەڵمانیا - ١٠ی یاگوستی ٢٠٠٧

سەرچاوە : ماڵپەری کلاڕۆژنە

# فەلسەفەی ئەخلاق





بەشی دووهەم و کۆتایی

نووسەر: لووئیس پ. پۆیمەن ، وەرگێر لە سۆئێدییەوە: حامید مائیلی

## تایبەتمەندیی پرەنسیپەکانی ئەخلاقی

کاکڵی ئەخلاق بریتییە لە پرەنسیپەکانی ئەخلاقی. ئێمە تا ئێستا بەو ڕاستییە گەیشتووین کە پرەنسیپی ئەخلاقی شیاوترین ڕێنەمایە بۆ کردەوە ورەفتار. بەڵام ئێمە دەبێ باسێکی چڕتر لە مەڕ تایبەتمەندییەکانی ئەو پرەنسیپانە وەگەڕ بخەین. تەنانەت ئەگەرهیچ کۆدەنگێییەکی گشتی لەمەر ئەوتایبەتمەندییانە لە گۆڕێ نییە بەڵام دەبێ خاوەن پرەنسیپێکی ئەخلاقی بین. کۆدەنگیییەکی بەرین لە سەر ئەوپێنج خاڵانە هەیە:

١- ڕەوابوون

٢- قابیل بە جیهانی بوون

٣- زاڵبوون [مسەلەت بوون]

٤- پرۆپاگەندەکردن

٥- دەکارکردن.

زۆربەی ئەو خاڵانە دەو کتێبەدا دەدرێنە بەر توێژینەوە،بەڵام جارێ ئیزن بدەن لێرە بەکورتی هێندێکیان باس بکەین.

سەرەتا "ڕەوابوون": کردەوەیەک کە ڕێنەمای هەڵسوکەوتە و سروشتی ئەخلاقە. پرەنسیپەکانی ئەخلاقی بە گشتی وەک دەستوور یان هاندەرێک لە گوێن "مەکوژە"، "سەدەمەی ناپێویست مەگەیەنە" و"دەر وجیرانت خۆش بوێن".

ئەوانە بۆکەلک لێوەرگرتن ڕەچاو کراون تا یارمەتی فکری ئینسانەکان بکرێ تا نفووزیان بە ڕەوابوونەوە دیار بێ،وپەرە بەو تایبەتمەندییە بدرێ و بکرێتە نەریتێک بۆ وتووێژ بە مەبەستی هەڵسەنگاندنێک دە نێوان پەسن و سەرکۆنە دا،و وروژاندنی هەستی وێژدانی ڕاحەت یان هەستی تاوانباری.

دووهەمیان قابیل بە جیهانی بوون: پرەنسیپەکانی ئەخلاقی دەبێ هەموو ئینسانەکان کە دە هەڵومەرجێکی گرینگی وەک یەکدان، بگرێتەوە. ئەگەر قەزاوەت لە سەرکردەوەی X دەرحەق بە P گونجاوە، لەمەڕ کەسانی دیکەش کە دە هەلومەرجی P دان، ئەو قەزاوەتە گونجاوە. ئەو تایبەتمەندییە بە قانوونی زێڕین کە دەڵێ "ئاوا دەگەڵ خەڵک بجووڵێوە کە پێتخۆشە دەگەڵت بجووڵێنەوە" و خۆت دە کەوشی ئەواندا ببینەوە بۆیەشە ئێمە ئەو پرەنسیپە بە عادڵانە دەزانین. هەر وەک شێوەی هەڵسوکەوتی A دەرحەق بە B هەر ئەو شێوە هەڵەیە بووە کە لەلایەن B دەر حەق بە A کراوە بە درووست بزانین، تەنیا سەبارەت بەوەیکە دووکەسی جێوازن. ئەو قەزاوەتە بە جیهانی بوونە هەموان دەگرێتەوە. ئەگەر من بڵێم X،Yێکی باشە، ئەودەمە کە من هەڵوێستێکی مەنتیقیم گرتووە کە بڵێم هەر شتێک کە X بێ Yێکی باشە.ئەو تایبەتمەندییە پەرە پێدانی پرەنسیپی پێکەوە هەڵکردنە. مرۆڤ دەبێ شێلگیر بێ لە سەر ئەوقەزاوەتانەی کە ئەخلاقین. بەجیهانیبوون هەموو قەزاوەتە ئەخلاقییەکان وەخۆدەگرێ.

سێهەمییان زاڵبوون: پرەنسیپەکانی ئەخلاقی خاوەن ئۆتۆریتەیەکی مسەلەتن وهەر پرەنسیپێکی دیکە وەلا دەنێ. ئەوانە نەک هەر تەنیا پرەنسیپگەلێک نین، بەڵکوو ئەوانە نوێنەرایەتی پرەنسیپەکانی دیکەی وەک جوانیناسی و بە پەرۆشی وتەنانەت بەشی حقووقی یشیان وەستۆیە. هونەرمەند "پاول گاوگوین" بە مەبەستی کێشانەوەی وێنەیەکی جوان لە دوڕگەیەک لە ئوقیانووسی ئارام بنەماڵەی خۆی بە جێ دەهێڵێ ڕەنگبێ پاساوی بۆی هەبێ، بەڵام هەڵوێستەکەی هەڵگری هیچ پاساویکی ئەخلاقی نییە.ڕەنگبێ درۆیەک عاقڵانە بێ بۆ پاراستنی نێو بانگی خۆم،بەڵام لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە ئەوتۆ کارێک هەڵەیەکی گەورەیە،بۆیە دەبێ ڕاستییەکە هەر چییەکی هەیە بیڵێم.

کاتیک قانوون دەو پەرێ غەیرە ئەخلاقی خۆیدایە، ئەرکی ئەخلاقی منە کە دەست بدەمە بزاوێکی شارەستانییانە. ئەرکێکی گشتی ئەخلاقی هەیە لەمەڕ گوێڕایەڵی بۆ قانوون، چونکوو قانوون دە ئاکامدا مەبەستی ئەخلاقی دەپێکێ و خێرۆمەندی گشتی لەدوویە، و هەر ئەو هۆیەشە ڕەنگبێ ئێمە ئەرکدار دەکا کە گوێڕایەڵی قانوون بین، سەرەڕای وەیکە ئەو قانوونە زۆریش نە ئەخلاقی بێ ونە دڵخواز. ڕەنگبێ ئەو سەردەمەش بێ، کاتێک بێ عەداڵەتی قانوونێکی دزێو تەحەممول ناکرێ و بۆیەشە پارلەمانی ئەورووپا بەغەیرە قانوونی دەزانێ، بەڵام ئەخلاقییە. وەک نموونەی ڕوون، ئەو قانوونانەی کەلە باشوور بەر لە شەڕی ناوخۆیی کە لە شارۆمەندانی دەویست ئەو دیلە هەڵاتووانە بگرن و ڕادەستی خاوەنەکانیان بکەنەوە. دین نموونەیەکی بەرچاوە: زۆرێک لە فەیلەسوفان لە سەر ئەو باوەڕەن کە کەسێکی ئیماندار "مەزهەبی" دەتوانێ بە دوای دەستوورێک کە لەلایەن خوداوە پێیدراوە، پرەنسیپی ئەخلاقی پێشیل بکا. یووان مەزهەبییەکی ئاشتیخوازە و دەتوانێ خۆی قانیع بکا کە خۆی لە چوونی سەربازی کە ئەرکی وڵاتپارێزی وەستۆیە بپارێزێ.بە نێو ئەخلاقی دینی وەک ئەخلاق دێتە ئەژمار و پاشان وەک پێناسە و کێیەتی.

چوارووەمی پرۆپاگەندە کردن: پرەنسیپەکانی ئەخلاقی دەبێ بە ئاگاداری گشتی ڕابگەیێندرێ تا ببتە ڕێنمایەک بۆ هەڵسوکەوتی ئێمە.

بڵاوۆکە و پرۆپاگەندە لە پێویستییەکانە چونکوو ئێمە کاتێک دەتوانین کەلک لە پرەنسیپەکان وەرگرین کە ڕەفتارەکان بنووسین، بە گوێی خەڵکیان دابدەین و هاندەری کردەوەی چاک بین و سەرکۆنەی کردەوەی خەراپمان کردبێ. ئەگەر ئەو زانیارییانە بە نهێنی بمێننەوە کاردانەوەی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە. پێنجەمینیان دەکارکردن: پرەنسیپێکی ئەخلاقی دەبێ بۆ پێکگرتن "هەڵسەنگاندن" بێ، بەومانایە کە بکرێ بەڕێوەی بەری و نابێ ئاسەواری قورسی دەروونیمان بخاتە سەر، کاتێک ڕەچاویان دەکەین. یووان راوێلزی فەیلەسوف دەڵێ "تەعەهوودی خۆپێوە ماندوو کردن" وەک پرەنسیپێکی ئیدەئال دەتوانی ببتە هۆی دەستەبەرکردنی لانیکەمی ئەخلاق. ئەوە دەتوانێ جێی بەختەوەری بێ کە ئەخلاقمەداری چاوەڕوانی ڕەفتاری خۆنەویستی زیاتر لە ئێمە دەکا، بەڵام ئاکامی ئەوتۆ پرەنسیپگەلێک دەتوانێ خولقێنەری دوردۆنگی ئەخلاقی یان هەستێکی قووڵی بێ گوناهی ئەخلاقی و بێلایەنییەکی چڕی ئەخلاقی دە ئینسانەکاندا بێ.

دەئاکامدا زۆربەی سیستیمە ئەخلاقییەکان وەک بازنەیەکی تەنگی دەوری ئینسان دەژمێردرێن. تەنانەت فەیلەسوفەکانی ئەخلاقیش لە سەر ئەو پێنج خاڵە یەکدەنگ نین، باس و قسە لێکردنی لە سەریان، لانیکەم ئەو تێگەیشتنە گشتییانەمان لە مەڕپرەنسیپەکانی ئەخلاقی بە دەستەوە دەدا.

بەستێنی نرخاندنی ئەخلاقی

لەو خاڵەدا،ڕەنگبێ ئەخلاق بە پێی ئەو قانوونانە بێ کە دە پەیوەندی نێوان ئینسانەکاندا بەڕێوە دەچێ و بە پێی ڕەفتارێکی کە دەنوێندرێ، دەنرخێندرێ، کە چی لەوە زۆر

یەکبوون
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

ئاڵۆزتره. بەڵام زۆربەی قەزاوەتەکان لە مەڕ ئەخلاق، بەگوێرەی ئەوخاڵانەی ژێرەوە هەڵدەسەنگێندرێن:

۱- هەڵوێست

۲- ئاکام

۳- کەسایەتی

۴- مەبەست[نییەت].

لێرە سەرلەنوێ لە هەموو باسەکان بە وردی دە بەشەکانی دواتردا لێیاندەکۆڵدرێتەوە،بەڵام سرنجێک لێرە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ.
ئیزن بدەن لێرە بەسەرهاتی "کیتی گێنۆس"بە کەمێک ئاڵوگۆڕ دە ڕووداوەکەدا بێنینەوە گۆڕێ. ئەوە پیاوێک لە بەر ماڵی ژنێک هێرش دەکاتە سەر ئەو ژنە و دەیەوێ بیکوژێ. جیرانێکی بەرپرس گوێی لە قیژەی ئەو ژنە دەبێ و پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە و لە پەنجەرەشەوە دەنگی کابرای هێرشکار دەدا، "هۆی ملت بشکێنە بڕۆ"، کابرا بە سەرسووڕماوی دەست لە کۆڵ ژنە دەکاتەوە و لە ترسان ڕادەکا بەڵام لەو بەری شەقامەکە پۆلیس دەستی وێیرادەگا و کابرای قۆڵبەستی دەکا".

## کردەوە

شێوەیەکی نرخاندنی ئەخلاقیی ئەو رووداوە ئەوەیکە ڕەفتاری کابرای هێرشکار و هەڵوێستی جیرانە بەرپرسەکە بدەینە بەر لێکۆڵینەوە. کاری هێرشکارەکە هەڵە بوو بەڵام کاری جیرانەکە درووست. وشەی "درووست" جاری وایە دوو مانا وەخۆدەگرێ،یەکیان بە مانای "فەرز" دێ "کردەوەی بە جێ) بەڵام دەشتوانێ بە مانای "ڕەوا" ش بێ "کردەوەی ئیزن پێدراو" یان "باشە کە شتێکی ئاوا بکرێ". ئەغلەب فەیلەسوفان وشەی "درووست" بە مانای "ڕەوا، ئیزن پێدراو" تەنانەت دە باسێکی وەک "فەرز، واجب" چییە دا بەکارێکی بە جێی تاریف دەکەن. واتەئەو کردەوەیەی کە تۆ دەتوانێ ئەنجامی بدەی. کەدەتوانێ یان "A" وەک فەرز یان "B" وەک دڵخوازانە.
(A) کارێکی فەرز ئەوەیە کە ئەخلاق پێت دەڵێ کە دەبێ بیکەی و تۆ ناتوانێ لە کردنی خۆت بدزێوە.
(B) کارێکی دڵخوازانە ئەوەیە کە کردنی نە فەرزە ونە هەڵە، ئەرکی تۆش نییە کە ئەنجامی بدەی ئەگەر نەشیکەی تووشی هیچ هەڵەیەک نەبووی.
کاری هەڵە ئەوەیە کە تۆ نەکردنی دەبێ بە ئەرکی خۆت دابنێی و خۆ لە کردنی بپارێزی. کردەوەیەکە کە باشترە ئینسان نەیکا،ئیزنی کردنیشی نەدراوە. بۆ نموونە:ئەوەیکە ئەو کابرایە هێرشی کردە سەر ئەو ژنە ڕوونە کە کردەوەیەکی هەڵە "قەدەغە "بوو.بە پێچەوانە کاری جیرانەکە کە ئاگادارکردنەوەی پۆلیس بوو ڕوونە کە کارێکی درووست و فەرز بوو.
بەڵام، وادیارە کارەکە نە فەرز بووە ونە هەڵە.بە بێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەیکە تۆ کۆرسێک لە مێژووی هونەر یان ئەدەبییاتی ئینگلیسی هەلبژێری کە بیخوێنی یان بە هەرقەڵەمێک کە دەتەوێ نامەیەک بنووسی وادیارە لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە بێلایەنییە یان ئیزن دراوە.بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە تۆ گوێ لە موسیقی رۆک یان کلاسیک دەگرێ،وادیارە لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە جێی بیر لێکردنەوەیە،گوێگرتن لە هەرتکیان ئازادە و ئیزنی دراوە. وهیچ فەرزیش نییە. بە بێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەیکە تۆ ژن دێنێ یان سەڵتە دەژی وادیارە هەڵوێستێکی گرینگە کە دەتەوێ چلۆن بژی.
ئەو هەڵوێستەی لە سەری ساغدەبییەوە لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە یان بێلایەنی یە یان دەڵخوازانەیە. لە ماوەی تەواوی ئەو ڕووداوانەی وەک "ئیزدیواج دەکەی، یان نایکەی، دەرەکەوێ نە فەرزە نەهەڵەیە،بەڵام ئیزن پێدراوە. دە هەرێمی ئیزن پێدراواندا تێگەییشتنێکی بەرین، یان کردەوەگەلێکی زۆر مرۆڤدۆستانە و خۆبەخشانە هەیە. ئەوکارانە نە پێویستن نە فەرزن بەڵام،سنووری حوکم و ویستی ئەخلاق،دەبەزێنن واتە "لەسەرووی هاواری ویژدان"ە. بۆ نموونە،ئەو جیرانە بەرپرسە چووبا دەرێ دەگەڵ هێرشکارەکە دەستەوێخەبوایە مەترسییەکی زیاتری گیانی بۆ خۆی دەکرێ کە هیچ ئەرکێکی ئەخلاقیش نەبوو،لە جیاتی ئەوەی، هەر لە پەنجەرەکەوە دەنگی هێرشکارەکەی دا،عەینی شتە کە ئینسان لە سەری فەرز بکرێ کە ئەندامێکی لەشی بە مەبەستی ڕزگار کردنی کەسێک لە مردن ولە تەنگانەدا پێشکیش بەو بکا. ئەرکی تۆ نییە کە بچی ماشێنەکەی خۆتی بۆ بفرۆشی، جگە لەوەیکە دە یارمەتی کردن بەواندا خۆت داماو دەکەی هیچی دیکەی بۆ تۆ تێدا نابێ.سەرجەم سیستیمی ئەوشێوە هەڵسوکەوتانە بریتین لە: A-هەڵوێستی درووست "ئیزن پێدراو" B-هەڵوێستی فەرز،C- هەڵوێستی دڵخوازانە، D- هەڵوێستی بێلایەنانە، E- خۆ قوربانی کردنی،F- هەڵوێستی هەڵە "قەدەغە کراو".
تێئۆرییەکی گرینگ لە مەڕ ئەخلاق هەیەکە پێداگری لە سەرچۆنیەتی کردەوە دەکا بە نێوی "دێئۆنیسم" کە وشەیەکی یونانییە بە واتای "ئەرکناسی". ئەوتێئۆرییە لە شتێک دەدوێ بە نێوی جەوهەر یان زات کە دە ناخی کردەوەی درووست یان باش دا هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوە ئینسانەکان لە سەر قەول وبەڵێن و ڕاستوێژی خۆیان ڕابوەستن و هەروەها دە ناخی درۆزنی وچەپەڵکاریشدا هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوە ئینسانەکان لەسەر قەول و بەڵێنەکانیان سوور نەبن. پرەنسیپەکانی کلاسیکی ئەخلاقی خاوەن دە خاڵە و قانوونی زێرینە،کە پێشەوا ونوێنەری ئەو دێئۆنیسمە دە چەند دەیەی ڕابردوو دا ئێمانۆئێل کانت(۱۷۲٤-۱۸۰٤)بووە کە پارێزەری بەرچاو وسەرەکی ئەو پرەنسیپە ئەخلاقییە بوو کە بە "ئەمری موتڵەق "ناسراوە. قانوونێک کە بەرێوە دەبەی حەول بدە کە بکرێتە قانوونێکی گشتی بۆ نموونە کانت دەڵێ "قەت بەڵێنی خۆت مەشکێنە " یان "قەت خۆت مەکوژە" هاوبەشی ناوەرۆکی تەواوی ئەو پرەنسیپە ئەخلاقییانە لە شتێک دەدوێن کە ناوهاخن و جەوهەری ئەخلاقە کە دەڵێ، ڕەفتارو کردەوەت درووست بێ و خۆ لەکردەوەی خەراپ ودزێوە بپارێزە.

## ئاکامەکان

شێوەیەکی دیکەی هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی هەلومەرجان،ئەوەیە کە ئاکامی کردەوەکان لێکبدەینەوە. ئەگەر ئاکامی هەڵسوکەوتەکان ئەرێنی بن ئەوە کارەکانمان درووستە،ئەگەر نەرێنی بن ئەوە تووشی هەڵە بووین. بۆ نموونە، ئاکامی هێرشکارەکە بێنینە بەرچاو،لانیکەم لە باری فیزیکییەوە ژنەکەی بریندار دەکرد و لە باری ڕووحییەوەش هەم ژنەکە و هەم جیرانەکانی دەپەشۆکاند.بەڵام ئەگەر بتوانێ بیکوژێ لەڕوانگەی ئێحساسییەوە هەم ژیانی ژنەکە و هەم ژیان بنەماڵەکەی وهەم ژیانی کەس وکار و دۆستانی ڕەنگبێ تا دوایین هەناسەی ژیانیانی شێواندووە، باشە دەستکەوتی ئەو، لەو کردەوەیە چییە؟ تەنیا چەند خولەک ڕاحەتی سادیستییانەیە.دە تەواوی ماوەی دوای ئەوکارەساتە هەستێکی ویژدانێکی نیگەران ونەرێنیانە بە تەواوی ژیانییەوە دەردەکەوێ سەبارەت بەوە کە کارەکەی هەڵەبوو.بەڵام ئاکامی بەرپرسیارەتی ئەو جیرانە کە پۆلیسی ئاگادار کردەوە و لە پەنجەرەکەشەوە دەنگی هێرشکارکەی دا و "هۆی ملت بشکێنە بڕۆ"چونکوو هێرشکارەکەی دەترساند،ئازارێک کە بە ژنەکە دەگەییشت زۆر زۆر کەمتر دەبوو. باشە ئەو جیرانە چ زەرەرێکی لێکەوتووە کە ئەو کارەی کردووە؟
تەنیا ڕەنگبێ چەند خولەک هەستی بە ترس کردبێ، بەڵام دە تەواوی ماوەی دوای ئەو کارەساتەدا هەستی ویژدانێکی ڕاحەتی دەبێ هەر بۆیەشە کاری درووستی کردووە.تێئۆرییەکانی ئەخلاقی کە لێی ورد دەبێتەوە،بەر لە هەموو شتێک ئاکامی ڕاحەتی یان ناڕەحەتی ویژدان بۆ ڕازی کردنی ئەخلاق، پێیدەڵێن "ئەخلاقی غایب etik teleologiska" کە لە وشەیەی telos -ی یونانییەوە بە مانای "مەبەستمەند"، هاتووە.ناسراوترین تێئۆری لەمەر ئەخلاق "utilitarism" واتە (ڕەسەنمەندی)یە. کە لەلایەن یێری بێنتهام (١٧٤٨- ١٨٣٢) و یان ستوارت میل ( ١٨٠٦ - ١٨٧٣) کە دەو تێئۆرییەدا بە ئەرکی ئینسانان دادەنێن کە دە تەواوی ژیانیاندا هەڵسوکەوتێک بکەن کە دەستکەوت و ئاکامەکانی ئەوپەڕی بەرژەوەندی بۆ ئێنسان و ئینسانییەتی لەدووبێ. میل دەڵێ "هەڵسوکەوتێک درووستە کە هاندەر و پێشخەرەوەی ڕزگاری مرۆڤایەتییە،هەڵسوکەوتێک هەڵەیە کە بە پێچەوانەوە هاندەر و دواخەرەوەی ڕزگاری مرۆڤایەتییە".

## کەسایەتی

هێندێک تێئۆری ئەخلاق پێداگری لە سەر کەسایەتی و زاتی هەڵسوکەوتەکان و برێکیشیان لە سەر پەرەنسیپی لە مەر ئاکامی هەڵسوکەوتەکان دەکەن،تێئۆری دیکەش هەن کە پێداگریان لە سەرکەسایەتی یان تەقوایە. دە نموونەی ئێمەدا هێرشکارەکە کەسایەتییەکی خەراپ ودزێوەی تایبەت بە خۆی هەیە واتە "قین و نەفرەت " کە ئەغڵەب پێش ڕوانینی ئەو لە مەر ژیان ڕەش دادەگێرێ کە بەستێنی ئامادەکاری ئەو بۆ بەڕێوەبردنی ئەوتۆ کارەسات و جینایەتێک دەڕەخسێنێ. هێرشکارەکە بە گشتی ئینسانێکی دزێوو دڵڕەقە،چونکوو ئەو خاوەن ئەوتۆ کەسایەتییەکی نەفرەت هەڵخڕێنەر وبێزارییە. بەڵام لایەنی دیکە واتە ئەو جیرانە بەرپرسە،خاوەن کەسایەتییەکی باش کە خوازیاری ژیان و خۆشەویستی یە کە بە گوێرەی ناخێکی ئینسانییەوە دەگەڵ خەڵک دەجووڵێتەوە ویارمەتیدەری ئەوکەسانەیە کە پێویستیان بەیارمەتی هەیە. دەئاکامدا جیرانەکە ئینسانێکی باشە و سەلماندوویە کە تا چ ڕادە خاوەن تەقوا و خاوەن تایبەتمەندییەکی ڕەسەنە.
فەیلەسوفەکانی ئەخلاقی بەو تایبەتمەندییە باشانە دەڵێین "تەقوا و مەزنایەتی" و بە تایبەتمەندییەکانی خەراپ دەڵێین "دزێوی وچرووکی" سەرجەم تێئۆرییەکانی ئەخلاق بە گوێرەی ئەو بۆچوونە پەرەیان هەستاندووە و پێیان دەڵێن تێئۆری مەزنایەتی و تەقوا. نوێنەرایەتی ئەو تێئۆرییە کلاسیکەی تەقوا و مەزنایەتییە وەستۆی ئەرەستوویە " ساڵەکانی "٣٨٤-٣٢٢" بەر لە زایینی بووە. پاراستنی کەسایەتی تەقوا و مەزنایەتی لە پێداویستییەکانی ژیانە تا مەتمانە لای ئینسان گەشە بکا وبتوانێ شێلگیرانە سەقامگیری هەڵسوکەوتێکی درووست و ئینسانی دە هەموو بوارەکاندا دەستەبەر بکا. تەنانەت زۆر گرینگە ئەگەر بتوانێ تا ئەو جێگایە کە دە توانایی دا وەک ڕێنەماو یارمەتی بۆ کەسایەتی ئێمە بە مەبەستی بەڕێوەبردنی نییەتی باش و خێرۆمەندانە کەلکیان لێوەربگیرێ. زۆربەی ئینسانان دەزانن کە دەغەڵکاری، چەواشەکاری،نێو ونەتکە لێدان،یان زۆر خواردنەوە ئاڵکۆل و خواردن کارێکی خەراپە ونادرووست، بەڵام دەیکەن کە چی لە کردنی کارێکی درووست دەستەوەستانن. ئینسانی خاوەن تەقوا وکاری درووست ڕەنگبێ بێوەیکە ئاگادار بێ،چونکوو گوێڕایەڵی ئەخلاق بووە، دەیکا.

## ئامانج

دەئاکامدا دەتوانرێ چلۆنایەتی ئەخلاقی لە ڕێگای تۆێژینەوەی ئامانجی خەڵک بۆتێکەلاویان هەڵبسەنگێندرێ .هێرشکارەکە وادیارە دەمارگرژایەتییەک دەکار دەکا و ژنەکە دوکژێ،جیرانەکە وادیارە توانیوێتی هێرشکارەکە بترسێنێ و بۆتە هۆی یارمەتی کە ژنە لە کوشتن ڕزگار بێ. د ەکردەوەدا هەموو سیستیمێکی ئەخلاقی گرینگایەتییان دە ئامانجەکانیاندایە.بۆ لێکدانەوە وتوێژینەوەی تێر وتەسەلی هەر چەشنە هەڵسوکەوتێک واباشە،مەبەست و ئامانجی ئەو کەسە لەبەرچاو بگیرێن. بە ڕواڵەت ڕەنگبێ دوو شێوە هەڵسوکەوت وەک یەک بنوێنن،بەڵام یەکیان بۆلۆمە ببێ و ئەوی دیکەیان بۆ لێبووردن. وای دابنێین کە یووان پاڵ بە ماریاوە دەنێ و لەبەرزاییەکەوە بەری دەداتەوە و ماریا لاقی دەشکێ.دە ڕووداوی "ئا"دا ئەو توورەیە و مەبەستی ئەوەیەکە سەدەمە بە ماریا بگەیێنێ ،بەڵام دە ڕووداوی"ب" دا ئەو دەبینێ چەقۆیەک بەرەو ماریا فڕێدراوە ولەوانەیە وییکەوێ و دەیەوێ ژیانی ماریا لە مەترسی ڕزگار بکا. دە ڕووداوی "ئا" دا بە ڕوونی دیارە کە تووشی تاوان بووە هاوکات دە ڕووداوی "ب"دا کارێکی درووستی کردووە، بە گویرەی شرۆڤەیەکی چڕی ئەخلاقی لە سەر هەر کام لەو ڕووداوانەدا، نییەت وەک فاکتۆرێک دەو پەیوەندییەدا لەبەرچاو دەگیرێ.

## ئاکام و دەستکەوت

دەستەبەر کردنی زانیاری لە مەر ئەخلاق کارتێکەرییەکی زۆری ئەرێنی بە سەر هەڵسوکەوتەکانمانە دەبێ. دەتوانێ دەمارگرژی و دووگماتیزم دەستی لە بێخەمان بکاتەوە.دەتوانێ سیستیمێک دە

ئـێمەدا بگـوورێنێ کە ببێـتە چاوساغ بـۆ قەزاوەتەکانمـان لە مەڕ دەور وبەرمـان و ڕوانـگەی ئەخلاقیمـان کـۆوەتر دەکـا تـا ئـێمە بتـوانین لەمەر پرسـیارەکان ڕوونتـر و بە مەتمـانەیەکی زیـاترەوە گـرفتە ئەخلاقییەکـان چـارە سـەر بکەیـن. دەتـوانێ یارمەتیـدەر بـێ کە ئـێمە زەینمـان ڕوون بێـتەوە کە چلـۆن پرەنسـیپەکانمان و نرخانـدنەکانمان دە گەڵ یەکتـر دە پەیوەندیـدان و لەوەش زیـاتر ڕێنمـایەکە کە فێرمـان دەکـا چلـۆن بـژین. بـا ئێسـتا بگەڕێینـەوە سـەر پرسـیارەکەمان کە لە سـەرەتای ئەو بەشـەدا هـاتبوو وڵامێکـی باشـتری بـدەینەوە.
ئەو شـێوە ئەخـلاقە چییە،و بـۆچی ئـێمە پێوسـتیمان پێیەتـی ؟ ئەخـلاق واتە دۆزینـەوەی قانوونگەلێـک کە ژیـانی باشـتری مرۆڤـایەتی لێـدەکەوێتەوە کە دە پێـنج پرەنسـیپی ئەخلاقـی وەک: ١- ڕەوابوون، ٢- قابیل بە جیهانی بوون، ٣- زاڵبوون"مسەلەت بوون "، ٤- پرۆپاگەندەکردن، ٥- دەکار کردن.دا کۆکراوەتەوە. بە بێ بوونی ئەخلاق ئێمە خێر نادەینەوە.
چـاکە چییە و مـن چـۆنی پێبـزانم؟ چـاکە وەک پرسـێک، دە خـزمەت مرۆڤـایەتیی دا، دە سـەرکەوتووییدا،دەکەلکوەرگرتنی لێهاتووییەکانـدا وهتـد.. دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی ئینسانان بەیارمەتی وەرگرتن لەوپەری توانایی ولێهاتووییەکانمان،بە بێ لەبەرچاوگرتن کە چ هەڵوێستێک دەگرین،ئەرکی ئەخلاقییە.
ئەرێ مـن خوازیـاری ئەوەم کە بـبمە ئینسـانیکی خـاوەن ئەخلاق؟ بەڵـێ، دە کۆمەڵگـا و بە درێژایـی ژیانـدا،چونکوو ئەخـلاق ئەوەیە کەقـانوونی لەبەرچـاو دەگـرێ بە مەبەسـتی یـارمەتی بە هەمـووان و دە تەواوی ئەو ماوەیەشـدا درێـژەدەری ئەو ڕەوتەیە. چـاکە بـۆ تـۆ باشـە لانـیکەم دە هەمـوو کاتیکـدا، ئەگەر ئـێمە لە سـەر ئەو بـاوەڕە بـین کە ئەخـلاق لە سـەرووی هەمـوو شـتێکە و منـداڵان دەبـێ بەو بـاوەڕەوە تەربییـەت بکەیـن کە ئەگەر ئەخـلاق پێشـێل بـکەن ناسـەرکەوتوون و هەسـت بەوە دەکەن کە تووشـی هەڵە بـوون. بەو مانـایە کە ئەخـلاق بکەینەڕەوت و نەریتێکی نێو نەتەوەیی تەزمینی ئەوە هەیە کە ئەگەر تۆ لەبەر چاوی نەگری ئەو کەمتەرخەمییە تۆش دەگرێتەوە.
پەیوەنـدی نێوان دیـن و ئەخـلاق چییە؟ دیـن لە سـەر وەحـی،و ئەخلاق لە سـەر عەقڵ بنیـاد نـراون،ئەگەر بمـانەوێ پەیوەنـدی ئەو جـووتە پێکبگـرین، دیـن دەتـوانێ هانـدرێکی بەڵاوە بـێ بـۆ ژیـانێکی بە ئەخـلاق بـۆ ئەو کەسـانە کە لە سـەر ئەو بـاوەڕەن کە خـودا ئاگـاداری هەمـوو ئەوکـردەوانەی ئـێمەیە ودەیـانبینێ کە ئێمەتووشـیان دەبـین و ڕۆژی خـۆی لە مەڕ هەر کام لە کردەوەکانمان قەزاوەتیان لە سەر دەکا.
پەیوەنـدی نێـوان ئەخـلاق و پێکهـاتەی حقـووقی چییە ؟ ئەخـلاق و قـانوون واباشـە زۆر لە یەکتـر نیزیـک بـن،و ئەخـلاق دەبـێ بنەمـای قـانوون بـێ،بەڵام دەتـوانێ قانوونەکـان هەم ناعـادڵانە بـن و هەم غەیـرە ئەخلاقـی ولە ڕوانـگەی حقـوقییەوە نەکـرێ بەڕێـوە بچـن .قـانوون سـاویلکەترە لە ئەخـلاق بـۆ پێکگـرتن و هەڵسـەنگاندنی نییەتەکـان و مەبەسـتەکان. ئەتۆ دەتوانی بە مەبەست و نییەت ئینسانێکی دزێو بێ،بەڵام مادام تووشی هیچ کردەوەیەکی نالەبار نەبووی لە ڕوانگەی حقووقییەوە بێ تاوانی.
پەیوەنـدی نێـوان ئەخـلاق و نەریـت چییە؟ نەریـت و عـادەت بـریتییە لە کۆگـایەکی فەرهەنگـی،بەڵام ئەغـڵەب لە ڕوانـگەی ئەخلاقیـیەوە بـێلایەنە ودەشـتوانێ لە بـاری فەرهەنگیـیەوە پەرە بستێنێ،دە فەرهەنگـی ئـێمەدا بە کەوچـک و چەنگـاڵ نـانی دەخـۆن بەلام فەرهەنگـی دیکە هەیە کە بە پووشـکە یـان بە دەسـتی نـان دەخـۆن کە هـیچ کەمایسـییەکەی فەرهەنگییـان دە پێکگرتن دەگەڵ ئەوانی دیکە پێوەدیار نییە.

١٣ / ٦ / ٢٠١٣

سەرچاوە : ئاوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ

# ژنانی کورد پێشەنگی تێکۆشانی ئازادی



غەزال عەلیاڵی

سـەرەڕای ئەوەی کە ژنـی کـورد وەکـوو هەمـوو ژنـانی دونیـا چەوسـانەوەی بینیـوە و بێبەشـی چێشـتووە، بەڵام لە چەنـد دەیەی پێشـووداو لـەدوای سـەرهەڵدانی تەڤگـەری ئـازادی گـەلی کـورددا، بە پـێچەوانەی هەمـوو ژنـانی دونیـا پێشـکەوتنی گەورەی بەدەسـت هێنـاوە و ئەگەر بڵێین پێشەنگایەتی بۆ هەموو ژنانی دونیا دەکا شتێکی دوور لە ڕاستیمان نەکوتووە.
بـۆ هەڵسـانگاندی ئەو بابەتـە و بـۆ لێکـدانەوەی هەر پێشـکەوتنێک، پێویسـتە مـرۆڤ خـاڵی دەسـتپێک، خـاڵی کۆتـایی و مەودای نێوانیـان لە بەرچـاو بگـرێ. ئەگەر چاوێـک بە سـەر مێـژووی ژنـی کـورد و پێگەکەیـدا بخشـێنین و لەگەڵ ئەو دەسـتکەوتانەی کە ئێسـتا ژنـی کـورد بەدەسـتی هێنـاوە، لێکـی بـدەینەوە و هەڵسـەنگاندی بـۆ بکەیـن، بۆمـان دەردەکەوێ کە ژنـی کـورد دەسـتێوەردانی هەرە مەزنی لە مێژووی خۆیدا کردووە و مێژوویەکی نوێی تۆمار کردووە.
کۆمەڵگـای کـوردەواری و هەمـوو ڕۆژهەڵاتـی نـاوین بە گشـتی یەکێـک لەو دەڤەرانەیە کە ژن تێییـدا زۆر بە تونـدی چەوسـاوەتەوە و ئێسـتاش ڕۆژانە دەچەوسـێتەوە. لەو کۆمەڵگایـانەدا ژن وەکـوو نیـوە پیاوێـک و تەنـانەت لەوە کەمتـریش هەڵسـوکەوتی لەگەڵـدا کـراوە و بەو جـۆرە کەسـایەتی ژن بنپـێ کـراوە و لە جەوهەری خـۆی دوور خراوەتـەوە. ژن وەکـوو کـاڵایەک چاوی لێکراوە و وەکوو مرۆڤێک دەرفەتی ئەوەی پێنەدراوە کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەشدار بێت و، دەرفەتی گەشەسەندنی تواناکانی لێ زەوت کراوە.
یەکێـک لە هۆکارەکـانی پاشـکەوتوویی ئەو کۆمەڵگایـانەش هەر دەگەڕێـتەوە بـۆ بێـبەش کردنـی ژن لە بەشـداریکردن لە ژیـانی سیاسـی، کـۆمەڵایەتی، کولتـوری و هونەریـدا.
کۆمەڵگایەک کە لایەک لە لەشی پێوە نەمابێ یان لایەک لە لەشی فەلەج بێت، چۆن دەتوانێ بڵێ کە من تەواوم، چۆن دەتوانێ بەرەو پێشەوە بچێ و خۆی پێشبخا، چۆن

دەتوانێ بە ڕێدا بڕوا و بە سەرمەنزڵ بگا؟ دیارە کە ناتوانێ پێبگا و هەر لە دەستپێکەوە کێشەی بۆ دروست دەبێ و هەرگیز ناتوانێ کۆمەڵگایەکی بەرهەم هێنەر و پێشکەوتوو بێ!

کۆمەڵگای کوردەواریش بە پێی ئەوەی کە لە ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناویندا هەڵکەوتووە، بواری بۆ خۆگوزارە کردنی ژنان نەڕەخساندووە و ژن تێیدا چەوساوەتەوە. ژن دەرفەتی ئەوەی پێنەدراوە کە تواناکانی خۆی بەرهەم بێنێ. بیرۆکەی پیاوسالاری و باڵادەستی پیاو ئەو بوارەی بۆ ژن نەڕەخساندووە کە گوزارە لە خۆی بکات و تواناکانی خۆی بخاتە گەڕ. تەنها بەشی ژن لە کۆمەڵگادا بێبەشبوون لە مافەکانی و لە پەراوێزدامانەوە بووە. لە وەها دۆخێکدا نەتەنیا ژن، بەڵکوو هیچ بوونەوەرێکی تر گەشە ناستێنێ.

بەڵام ئەوەی کە جێگای ڕەزامەندی و خۆشحاڵیە ئەوەیە کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا ژنانی کورد توانیویانە قەڵەمبازێکی مێژوویی تۆمار بکەن و تەنانەت تا ئاستی پێشەنگایەتی بۆ هەموو ژنانی دونیا بڕۆن. باشترین بەڵگە بۆ سەلماندی ئەو بانگەشەیە ئاستی بەشداربوونی ژنانی کوردە لە تەڤگەری ئازادیخوازی کوردیدا. هەروەک دەبینین نزیک بە نیوەی گەریلاکانی کورد ئەورۆ ژنن و ئەوەش دیاردەیەکی نوێیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و بە تایبەت لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناویندا!

لە دونیای ئەورۆدا بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەوروپایی کە فێمینیسم، هەم وەکوو چەمک و هەم وەکوو بزووتنەوە لەوێوە سەریهەڵداوە، ژنان بەو ئاستە لە ئیرادە نەگەیشتوون کە ژنانی کورد لە شاخەکانی قەندیل پێی گەیشتوون. ژنانی کورد ئەورۆکە پێشەنگایەتی ئیدۆلۆژی ڕزگاری ژن دەکەن، لە سایەی ئەو ئیدۆلۆژیەدا تا ئەو ئاستە خۆیان بەرێکخستن کردووە کە دەبینین ڕێژەی بەشداربوونی ژنان لە چالاکییە مەدەنییەکاندا لە باکووری کوردستان زۆر لە ڕێژەی پیاوان زیاترە. ئاستی زانستی ژنانی کورد ئەوەندە بەرز بووە کە لە کاتی ڕیپۆرتاژ لەگەڵ دایکێکی کورددا دەبینین لەسەر ڕەوشی کوردستان لە ئاستی سیاسەتمەدارێکدا هەڵسەنگاندن دەکات. ئەورۆکە ژنی کورد بەو ئاستە لە ئیرادە گەیشتووە کە ئەرتەشی تایبەتی خۆی هەیە. هیچ وڵاتێکی ئەورۆ ئەرتەشێکی ژنی نییە بەڵام گەلی کورد دوو ئەرتەشی ژنی ژەیە، (یەژا- ستار) ئەرتەشی ژنانی باکووری کوردستان، (ه.ژ.ر.ک) ئەرتەشی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. واتە لە ناو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا گەلی کورد خاوەن دوو ئەرتەشی ژنە، ئێمە باس لەو وڵاتانە ناکەین کە بانگەشەی پێشکەوتوویی دەکەن، باسی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکەین کە ئەورۆ لە قەیران دایە!

لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا ئێستاش ژنان بەردەباران دەکرێن، لە هەندێک وڵاتانی وەکوو ئێراندا پیاوێک دەتوانێ هەتا ٤ ژنی هەبێ و لە هەموو ڕوویەکەوە ژن وەکوو نیوەی پیاو حیسابی بۆ دەکرێ و، لە پەراوێزخستنی ژنان تا ئاستێک ڕۆیشتووە کە خۆکوشتن و خۆسووتاندن وەکوو دیاردەیەکی ئاسایی لێهاتووە بۆ ژنان. لە وڵاتانی وەکوو عەرەبستانی سعودی ژنان تەنانەت مافی ماشێن لێخوڕینیان نییە و هیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتییان نییە. بەڵام هەر لەو ڕۆژهەڵاتی ناوینە و لە شاخەکانی کوردستاندا ئەورۆ ژن بەو ئیرادیە گەیشتووە کە ئەرتەشی بە هێزی خۆی هەیە و بەدەیان فەرماندەی ژن لە ناو ڕێزەکانی گەریلادا هەڵکەوتوون. لە هەموو بوارەکانی سیاسی، سەربازی، کۆمەڵایەتی و هونەریدا ژنان لە هێڵی پێشەوەدان و پێشەنگایەتی خەباتی ئازادیخوازی گەلی کورد دەکەن و لە دژی داگیرکەرانی کوردستاندا لە بەرخۆدان دان. نموونەیەکی هەرەبەرچاو هێرشی ئەم دواییەی ڕژیمی ئێرانە بۆ سەر باشووری کوردستان و هەرێمەکانی پاراستنی مێدیا، هموو جیهان شاهید بوو کە سپای پاسدارانی ئێران لە بەرامبەر هێزی جەوانانی کورددا شکەستی خوارد. ئێران کە لەو هێرشەدا بەتەمای سەلماندنی هێژەمۆنی خۆی بەسەر تەواوی ناوچەکەدا بوو لە لایەن هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لە ژێر فەرمانداری گەریلایەکی ژندا تێکشکێندرا؛ واتە ژنێکی کورد فەرماندەی گشتی عەمەلیاتێکە کە تێیدا سپای پاسدارانی ئێران تێکدەشکێنرێ، ئەویش تێکشکانێکی مێژوویی.

ئەوە دەستکەوتێکی کەم نییە، بێ شک کار و خەباتی گەورەی بۆکراوە و هزرێکی بەهێزی لە پشتە. لە شاخەکانی کوردستاندا فکر و فەلسەفەیەک هەیە کە ئازادی ژنی بە بنەما گرتووە، ئیرادەیەک هەیە کە هەموو ئەو دەرفەتانەی بە درێژایی هەزاران ساڵ لە ژنان زەوت کراوە و ڕێگای پێشکەوتنی لێگرتوون، ئەورۆ سەرلەنوێ بۆیان دەگەڕێنێتەوە ، لە ژێر ئەم فەلسەفەیەدا ژن توانیویەتی ئەسڵ و جەوهەری خۆی بناسێ و بەو ئاستە خۆی پەروەردە بکات کە ئەورۆکە پێشەنگایەتی حەرەکەتی ئازادیخوازی گەلی کورد دەکات.

کچە کوردێکی کە لە ژێر کاریگەری کولتوری عەشیرەتی پیاوسالارانە تەنانەت دەرفەتی دەرس خوێندنی پێنەدراوە بەڵام ئەورۆ لە شاخەکانی کوردستاندا بەو ئاستە گەیشتووە

کە بە ساعەتها دەتوانێ لە سەر مێژووی ژن و پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا قسە بکات و ئاستی شرۆڤەکانی ببێتە هۆی سەرسوڕمانی ئاکادەمیسیەنەکان، نموونەی بەرچاوی ئەم ڕاستییە شەهید شیرین عەلەمهولی بوو.

شەهیدانی وەکوو بێریتان، زیلان، ڤیان و هتد گیانی خۆیان بۆ ئەو دەستکەوتانە لەسەردەست دانا و کوتیان "خۆزگە لە گیان شیرینتر شتێکمان هەبوایە کە پێشکەشمان بکردایە."


بە دڵنیاییەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیشدا لەو جۆرە کەسانە زۆر بەدەگمەن هەبوون و لە هەر شوێنێکیش دەرکەوتوون، شوێن پەنجە و بەرهەمی کارو خەباتیان زۆر ئاشکاراو ڕوون بووە. بەرهەمی بەرخۆدانی ئەو شەهیدانە ئەوەیە کە باسمان لێکرد و ئەوەیە کە دەیبینین: ئەورۆ ژنانی کورد پێشەنگایەتی تێکۆشانی ئازادی دەکەن!

٢٢ی ئاگوستی ٢٠١١

سەرچاوە : پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

یەکبوون
Kurdistan
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

# سینەمای کوردی ،



نووسینی ئەمیری حەسەنپوور .
وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: سەرداری سەعدی

[ ئەوە بەشێکی کورت لە نووسراوەی نوسەرەکەیەتی کە لە ژێر دێری "داهێنانی کولتوری میدیای کوردی" لە سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ بڵاو بۆتەوە، ئەو ساڵانەی کە لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو هونەرە هێشتا دەستی پێ نەکردبوو. هەروەها ئەو نوسراوە زۆرتر باسی پەیوەندی نیوان سینەما و زمان و دەسەڵاتی دەوڵەتی دەکا]

ئەگەرچی فیلم، کۆنترین میدیای گشتی دەنگ و رەنگ دار، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٠ دا گەییشتۆتە هێندێک شاری کوردان، سینەما بە زمانی کوردی زۆر بە درێنگی دەستی پێکرد. ئاستەنگیەکانی بەردەم ئاوابوونی سینەمای کوردی، سیاسی، ئابووری و تەکنیکی دەژمێردرێت. ئەوەی سەبارەت بە لایەنی سیاسی بێت ئەوەیە کە هەمو فیلمەکان، چ بەرهەمەکانی دەرەوە و چ خۆماڵی یەکان، بڵاو بونەوەیان پێویستی بە ئیزنی کۆمیتەی سانسۆری حکومەتەکان هەبووە. کاتێک وتوو وێژ کەریک لە دەرهێنەری کورد یەڵماز گونای دەپرسێ بۆچی هیچ کام لە فیلمەکانت بە زمانی کوردی نین؟ ئەو دەڵێت: "

زور بە سادەیی بڵێم بەو هۆیە کە زمانی کوردی بە شێوەی یاسایی لە تورکیە قەدەغە کراوە1 ,Studia Kurdica) ، ژانویە ١٩٨٤، ل.٩٧)

یەکێتی سۆڤیەت و عێراق، تەنیا وڵاتانێک بوون کە ئاستەنگی سیاسی بۆ پێشکەوتنی سینەمای کوردی کەمتر رێگر بوون. لە میانەی ساڵەکانی ١٩٢٠، دو فیلمی چیروکیی لە قەفقازیای سۆڤیەت بەرهەم هێنرا کە ژیانی کوردەکانی سۆڤیەت لە پێش و دوای شۆرشی ئۆکتۆبر نیشان دەدات. ئەگەر چی هیچ کامیان بە زمانی کوردی نەبوون. کارەکانی تریش چوار فیلمی بە ئگەیی هەر سەبارەت بەو کوردانە بوو کە ساڵەکانی ١٩٣٢ ، ١٩٥٩ ، ١٩٧٩ و ١٩٨٢دا ساز کران (شاوەلی١٩٨٥:٤)

بەرهەم هێنانی فیلم لە عێراق درە نگ تر دەستی پێکرد. تا ساڵی ١٩٥٠ تەنیا دو فیلم ساز کرا بوو کە هەر دوکیان لە ژێر چاوەدێری دەرهێنەری بیانی بوون. کەمی سەرمایە و نەبوونی تیمی بەرێوەبەری شارەزا، تەنانەت لە بەغداش بەرچاو بوو، چ بگا بە ناوچە هەرێمیەکانی وەک کوردستان. هەژمارێک فیلمی بیانی بڵاو دەبونەوە کە وەک بەراوەرد دەکرا ساڵانە ٤٠٠ فیلم دەبوون، سی لە سەدی فیلمەکان میسری و عەرەبی بوون؛ نزیک بە هەمووی فیلمە غەیرە عەرەبییەکانیش بە عەرەبی ژێرنوس دەکران

( UNESCO١٩٥٠:٣٥٨). یەکەم جار کە فیلمێک لە شارە کوردنشینەکانی عێراق نیشان درا، دەگەرێتەوە بۆ جولای ١٩٢٥ لە سلێمانی (ژیانەوە ١ هەژمار ٣١، ١٦جولای،١٩٢٦ لل. ٢ ـ ٣ ). هەژمارێک فیلم کە لە نێویان دا چەند فیلمێکی فارسی هاوردە هەبوون، بە ژێرنوسی کوردی لە ساڵەکانی ١٩٧٠ دا نیشان دران. بەڵام ئەو رەوشە لە دو دەیەی رابردوو دا، بە شیوەیەکی بەرچاو گورانی بەسەر دا هات. ئیتر لە حەفتاکان گروپی بەرێوەبەر و شارەزا لە بەر دەستان بوو، ئەگەرچی ئەوان ناچاربوون وەک بەشێک لە تیمی بەرهەمهێنانی غەیرە کورد کار بکەن. تاقمێک خوێندکاری کورد سینەماتۆگرافی یان خوێندبوو و توانیبویان فێربونێکی پێشکەوتوو لەو بەشە دا ببینن. هەرچەند لە ژێر بارودۆخی سیاسی ئەو کات، هێشتا نەیاندەتوانی لە کوردستان فیلم ساز بکەن (شاوەلی ١٩٨٥:٩)

پێش سالەکانی ١٩٦٠ ، ژێرنوسی فارسی لە ئێران باو بوو. بە ڵام دواتر دوبلاژی فیلمە بیانیەکان جێگای ژێرنوسی گرتەوە. دوبلاژی کوردی هەتا ئەم دواییانە یەکسەر قەدەغە بوو.

ئاخریەکەی سینەمای کوردی لە کۆتایی هەشتاکان و نزیک ساڵی ١٩٩٠ لە دایک بو. گۆرانکاری شورشگیرانە لە میدیای دەنگ و رەنگ دا (هاتنە گۆری ڤیدیو و وەشانی سەتەلایتی تەلەفیزیون)، کۆنترۆلی یەکسەر و تەواوی دەوڵەتە دیسپۆتیکەکانی بەسەر بڵاوبونەوەی فیلم و سازکردنی بەرنامەکانی تەلەڤیزیونی، ناەومکین کرد. گۆرانێکی سیاسی واتەدار پێکهاتنی دیاسپۆرای گەورە و بەرچاوی کورد لە وڵاتەکانی رۆژئاوایە، کە بەرهەمی دەنگ و رەنگ دار سازدە کا کە ئەو بەرهەمانەش لە رێگای ڤیدیو توانای گەیشتن بۆ کوردستان یان هەیە. لە ساڵی ١٩٨٩ ئامادەکاری کرا لە عێراق بۆ بەرهەمهێنانی یەکەم بەرهەمی سینەمای کوردی، فیلمی مەم و زین . قە رار وا بو فیلم هە ئگرتن لە ١٩٩٠ دەست پێبکا بە بەشداری چەند سەد ئاکتەری کورد. کۆنترۆلی سەختی حکومەت دە توانین لە ئامادەکردنی سکریپتەکە (شانۆنامە و) دا بە دی بکە ین. لە سەر ئەساسی نوسخەیەکی فۆلکلۆری، داستانی مەم و زین وەرگێردرایە سەر عەرەبی، سکریپتەکە لە لایەن نوسەرێکی عەرەب نوسرایەوە و دوایی وەرگێراوە سەر کوردی (رەنگین، زمارە ی٣، سێپتامبر ١٩٨٩، ل ١٦). پرۆژەکە بە هۆی قەیرانی کەنداو لە ساڵەکانی ١٩٩٠ـ١٩٩١ نەیتوانی تەواو ببی. بەرهەمهێنانی نێرگز بووکی کوردستان(Nergiz,bride of Kurdistan) ، فیلمێک بە بودجەی تاکەکەسی، لە رۆژی هێرشی عێراق

بۆ سەر کۆوەیت لە ئاگۆستی ١٩٩٠ دا دەستی پێکرد، و لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دا کۆتایی پێهات. بەرهەمهێنەری فیلمەکە مەککی عەبدوڵڵایە و فیلمەکە سەبارەت بە هەڵاتنی کچێک لە زە واجیکی بەسەردا سەپێندراو بوو کە دوایە دەزانێ خۆشەویستەکەی بە هۆی چالاکی سیاسی زیندانی کراوە (موورای ١٩٩٣). بەرهەمهێنەرەکە فیلمەکەی ساڵی ١٩٩٣ لە چەندین وڵاتی ئەوروپی نمایش دا. سینەماکارێکی تر، مەهدی ئومید، لە دایک بووی کەرکوک، کاری خۆی لە شانۆدا دەست پێکرد و لە ساڵەکانی ١٩٨٠ دا لە سۆڤیەت سینەمای خوێندووە. ئەو دەرهێنەری فیلمی گەلە گورگ( ١٩٩٠)، کە لەسەر ئەساسی داستانی نوسەرێکی کوردی عێراقی دارێژرابوو، و هەروەها فیلمی تونێلە. تونێل لە حەڤدەهەمین فەستیڤالی فیلمی گوتنبرگ (یوتەبوری) لە ساڵی ١٩٩٣ دا نمایش درا.

لە ئێران یەکەم ئازموونی فیلمسازی لە لایەن تەیمور پاتایی (بەتحایی)، لە دایک بووی شاری سنە و دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران، تاقی کراوەتەوە. ئەو لە ساڵەکانی ١٩٧٠ کاری خۆی بە تەلەڤیزیون دەست پێکرد، دواتر بەرێوەبەری چەندین فیلمی دیکۆمەنتەری کردووە کە لە نێویان فیلمی نان و ئازادی ( ١٩٨٤)، کە لە بەشە ئازاد

کراوەکانی کوردستان ساز کراوە، و گەلە گورگ هەیە.

سینەمای کوردی لە تورکیە ناوی یەڵماز گونای لە سەر زاڵە کە ئاکتەر، دەرهێنەر، نوسەر و خەباتکاری سیاسی، و سیمایەکی ناسراوی سینەمای جیهانییە. ئەو "سینەمای شۆرشگێر" ی دەست پێکرد و بە پلەی پاڵەوانی گەل گەیێشتووە (گیلز و شاهین ١٩٨٢). بەڵام ناسنامەی کوردیی گونای و فیلمەکانی لە لایەن باڵەکانی راست (دۆرسای١٩٨٧) و چەپ (گیلز و شاهین ١٩٨٢) ئینکار کراوە. گونای، لەبەر بەرهەمە شۆرشگێرەکانی، زیندانی کراو و دواتریش بەرەو مەنفا لە فەرانسا رۆییشتووە و هەر لەوێش لە ساڵی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کرد. یەک لە فیلمەکانی بەنێوی رێگا (Yol) کە خەڵاتی دارە خورمای زێرینی لە فەستیڤالی کەن لە ساڵی ١٩٨٢ بردۆتەوە، هەتا ساڵی ١٩٩٣ لە تورکیا قەدەغە کرابوو (Turkish Daily News , October ١٧، ١٩٩٣). بە پەرەپێدانی نەریتی یەڵماز گونای، دەرهێنەرێکی تری کورد، نیزامەدین ئاریچ، فیلمی ئاوازێک بۆ بەکۆ (A Song for Beko) ی، لە مەنفا سازکرد. ئەو فیلمەش وەک یەکەم خەڵاتی خۆی، ئۆلیوێری زێرینی لە نۆهەمین فەستیڤالی فیلمی باستینا لە ساڵی ١٩٩٣ دا بردۆتەوە. ئەو فیلمە ژیانی خەڵکی کورد لە خەباتەکەیان بەرانبەر بە دەوڵەتی سەرکوتکەری تورک نیشان دەدات [چاو لەوە بکە Le Provençal, October ٢١، ١٩٩٣]. ئاخریەکەی ساڵی ١٩٩٢ فیلمی مەم و زین لە لایەن دەرهێنەری تورکیەیی بەرەچەڵەک کورد، ئومید ئەلچی یەوە لە تورکیە بەرهەم هێنرا. سەرەتا زمانەکەی تورکی بو بەڵام دواتر بە زمانی کوردی دوبلە کرایەوە [چاو لەوە بکە Le Courrier, January ١٨، ١٩٩٣].

لە دیاسپۆرای کوردیش دا، دو فیلمی ڤیدیویی بە ناوەکانی ئاسۆ و چارەنوس، لە لایەن سەلمان فایق، لە دایک بووی کەرکوک، بەرهەم هێنراوە (چیان 1993:13). ئاژانسی گەشەپێدانی نێونەتەوەیی سویدی، پێکهێنەری بودجە بوو بۆ ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس هەتا بەرهەمە شانۆییەکانی کوردی تیفلیسی گورجیستان بە ڤیدیو بەرهەم بێنێت .

سەرەرای تەنگ و چەڵەمەکانی ئابووری کۆمارەکانی سۆڤیەتی بەرێ، چالاکی کولتووریەکانیان بەرچاو بووە. لە نوامبری 1993 دوای باس و لێکدانەوەکانی دانیشتنێک کە رۆشنبیران و هونەرمەندانی کورد و ئەرمەنی تێیدا بەشدار بوون، "ستۆدیۆی سینەمای کوردی" لە ئیرەڤان دامەزرا [چاو لەوە بکە ١٩٩٣ ،٨٦ Berbeng ،لاپەرەکانی هەژمار نەکراو لە نێوان لل.٢٩ ـ ٣٠]. لە بەر ئەوەی کە خەرجی بەرهەم هێنانی فیلم لەو کۆمارانە زۆر کەمترە، فیلمی تونێل لە تاجیکستان بەرهەم هێنرا، لە کاتێک دا کە فیلمی گەلە گورگیش لە تورکەمەنیستان ساز کرا.

سەرچاوەکان:

çiyan, G. (1993). Pirsa Sînema Kurd û Tilmaz Guney [Yilmaz Güney and the Question of Kurdish Cinema], Norsborg, Sweden.
Dorsay, A.(1987) `An overview of Turkish cinema from its origins to the present day', in: Renda and Kortepeter (eds.), The Transformation of Turkish Culture: the Atatürk Legacy. Princeton, N.J., pp. 113-29.
Giles, D. and H. Sahin (1982),, `Revoloutionary cinema in Turkey; Yilmaz Guney', Jump Ct 27, pp. 35-7.
Murray, L.(1993), 'Nergiz: Bride of Kurdistan', Kurdistan Focus II, No. 6, March 1993, p. 16.
Shawâlî (1985), 'al-Akrâad fî al-sînamâ al-kurdiyya' [The Kurds in Cinema and Kurdish Cinema], Gel/al-Sha`b 4, No 15, pp 4,9.&
UNESCO (1950), Reports on the facilities of Mass Communication: Press, Film, Radio IV, Paris.

وێبلاگی ئیدریس عەبدی

# له سێداره دانمان له هەخامەنشیەکانەوە تا کۆماری ئیسلامی ئێران



بەشی پێنجەم

نووسینی: هۆمەر



## کۆماری ئیسلامی میراتی ٢٥٠٠ ساڵ تاوان و جەنایەتی هەر لە هەخامەنشییەوە تا قاجاڕ

کۆماری ئیسلامی پاشەرۆی هەخامەنشەکان و ئاوینەی نمادینی ساسانیەکان و تف کراوەی جنایەتکارانی بوغزاوی سەفەویەکان و نمونەی قین و نەفرەتی قاجارەکان

عەشیرەی فارس و دژایەتیی ئازادی و دێموکراسی

بەشی دوو لە ئیسلامەوە تا قاجارەکان

عەشیرەی پارس گیرودەی دوو بیرو باوەری لە یەک تیک هەڵکیشراوی فکری و رۆحی دژی ئازادی و دیموکراسی و مروڤایەتی، لە یەک قالبدان کە بەروپشتی یەک سکەن : خەسرەوی خودایان . خودای خەسرەوان

لە ئیسلامەوە تا قاجارەکان :

ساسانییەکان بە هۆی بینشی دینی ئیرتیجاعی خوسرەوانی و کوشتن و لە سیدارەدان ودەربەدەر کردنی رەنجدەران بە بیانوی باوەر نەبونیان بە زەردەشتی موبدانی خوسرەوانی و بە هۆی ساختاری حکومەتی لە سەر ئساسی ئجدادی یان باوک سالاری و بی بایەخ بوونی ژنان و لاخستنیان لە کۆمەڵگا تنیا مەسرەفیان لە پیناو عەیاشی لە عەشرەتکەدەکانیان (فاحشەی خەسرەوان )و بونیاد نانی ساختاری کۆمەڵگایکی چینایەتی بووە ، ناکۆکی وبەگژاچونی ناو خۆیی بۆ دەسەڵات یان بۆ تەڵا و جەواهیر و شەر لە گەڵ رۆم و دراوسیکانیان و بە گژا چون لە گەڵ مەزهەبەکانیتر و ماڵیات و فشاری ئابوری و کوشت و کوشتاری گەنجان و لاوانی رەنجدەران لە پیناو بەرژەوەندی دەسەڵاتخوازیان هۆی گەندەڵی و داروخانی ئەم سیستمە بوو بەڵام عەرەبەکان بە هۆی بازرگانی بەرفەراوان و ئیدەئۆلیژی ئیسلامی و ژیانی عەشیرەتی ساحەبی هیزی گەورە بوون توانیان زەبری جەرگبر لە دەسەڵاتی رزیوی ساسانەکان بدەن و بە بی خۆ راگری ئەوتۆ هەمو ئیران بگرنەوە .
شوونیستەکانی پارس وەک تورەجی دەریایی ماموستای رشتەی ئیرانشناسی دەڵیت میراتی ساسانەکان گەورەتر لە شکستی خەلکی ئیران لە عەرەبە چونکە فکرو خەیاڵی ئیرانی وەک یەک فەرهەنگ ، یەک میلەت، یەک زمان لە ساسانییەکانەوە بونیاد نراوە . بەڵام عەرەبەکان پیش ئیسلامیش پێوەندی و کارگەری گرینگیان لە سەر میژووی ئیران هەبووە عەرەبەکان نیشتەجێی مێزۆپوتامیا لە لایەن دەسەڵاتە شاهنشاهی ئیرانەکانەوە روبەری هیرش بونەتەوە، پێوەندی بازرگانیان لە گەڵ ئیمپراتوری یونان بووە و بە تحریکی ئەوان لە عیراق و سورییەوە هێرشیان سەر ئیران کردووە و لە سەردەمی ساسانییەکان عەرەبەکان لە گەڵیان بە شەر هاتون و چەند تاییفەیکی ئیرانی هاو پەیمانیان لە گەڵ کردوون ،یەکەم شەری گەورەیان لە گەڵ ساسانی لە دەوری شاپوری زول ئەکتاف بووە شاپور بە هاندانی دایکە جولەکەکەی هێرش دەباتە سەر کەنداو و هەزاران عەرەب دەکوژیت و تەناف لە شانی دیلەکان تێپەر دەکات بۆیە ناویان ناوە زولئکتاف . هاتنی عەرەب و ئیسلام کاریگەرییەکی بنەرەتی لە سەر کۆمەڵگا و فەرهەنگ و مەزهەب و سیاسەتی ئیران دانا ، ئیرانیەکان کە لە فەرق و فروقی چینایەتی و داسەپاندنی مەزهەبی خودایی شاهی بە تەنگ هاتبوون ئیسلامیان قەبوڵ کرد و بە تەواوی هووییەتی ئاینی و عەشیرەیی خۆیان لە دەست دا و ئیران و ئیسلام لە باری فکرو ژیانەوە ئەوەندە لە یەک نزیکن ناتوانی لە یەکیان دابری .کۆڵەکەی ئەسڵی و میعماری ئیسلامی ئیرانین . زوربەی زانایانی فەلسەفەو زانستی دونیای ئیسلام ئیرانین
وتمان بە دووای وفاتی حەزرەتی موحەممەد لە سەر جیی نشینی ناکۆکی کەوتە ناو ریبەرایەتی ئیسلام مەبەست خولەفای راشدین و ئەنسار و مهاجر و بریک لە هەوێنی ئەم دەمەقاڵەیە تەفسیر و لیکدانەوەی وتەکانی حەزرەتی موحەممەد لە حوجەتولوداع لە رۆژی ١٨ زیحەجە ساڵی دەی١٠ هجری وتویەتی دوۆایی بە رۆژی غەدیر ناسرا . نیهایەت هەموو مەهاجر و ئەنسار و فەرماندە و کاربەدەستان بە شیوەیکی دیموکراتیک رەئی دەگرن ئیمامی ئەبوبەکریان بە جی نشینی دابین کرد . ئەوانەی کە پییان وابوو لە سەر قسەکانی حەزرەتی موحەممەد دەبی عەلی نبیتەخەلیفەی ئیسلام چونە پاڵ عەلی و هەمو ئیرانییەکان پاڵیان دا بە ئیمامی عەلییەوە . عەرەبستان لە کۆمەڵیک تایفە یان عەشیرە پیک هاتبوو کە هەر هەموان لە گەڵ یەک ناکۆکی و دژایەتییان بووە و گەورەترینی ئەم تایفانە بنی ئومەوییە و بنی هاشمی بوون کە بەر دەوام لە سەر دەسەڵات دژایەتیان بووە ، حەزرەتی موحەممەد نەیتوانی هەمو عەشیرەتەکانی عەرەب یەک خا ، و ئەم دوو عەشیرەیش بە شیوەی کاتی تا وەفاتی موحەممەد ناکۆکیەکانیان خۆڵەمێشی پیاکرا و لە خەلافەتی ئەبوبەکرەوە ناکۆکیەکان سەریان هەڵدایەوە لە خەلافەتی ئیمامی عومەر ئەبوسەفیان کرایە فەرمانرەوای شام لە خەلافەتی حەزرەتی عوسمانیشا مایەوە و دووای عوسمان ئیمامی عەلی لە تایفەی بنی هاشمی لە ترسی گیانی خۆی چووە کوفە و خۆی بە جێنشینی حەزرەتی عوسمان و خەلیفەی ئیسلام راگەیاند و لە لایکیترەوە معاوییە کورِی ئەبوسەفیان لە شام خۆی کردە خەلیفە و بە هۆی نفوزی ، هەموو خەلکی شام و حیجاز بەیعەتیان لە گەڵ کردو بەم شیوەیە سیاسەتی جێگری کوور لە جیگای باوکی لە ریبەرایەتی ئیسلام دامەزراند وتمان معاوییە هاتە بغداد و کوفە و خەلک بەیعەتیان لە گەڵ کرد، ئیمامی عەلی خۆی بە بەرحەق دەزانی و بەیعەتی معاوییەی نەکرد لە سەفین شەریان دەبیت و هەر دوو بە ناچار مل بە حەکەمییەت دەدەن و داوەرەکان رئی ئەدەن بە معاوییە خەڵقی کوفە لە ئەوەڵەوە پشتیبانیان لە عەلی دەکرد بڵام بە هۆی دەسەڵاتی معاوییە بە سەر شبە جزیرەی عەرەبستان و رەئی داوەران و زوربەی ئسحاب و ئەنسار و مهاجر و بۆ خاتیمەی شەر و براکوژی زوربەی زۆری خەلقی کوفە لە گەڵ معاوییە بەیعەتیان کرد و پشتیان لە عەلی هەڵ کرد. بە هۆی ئەوەی کە عەلی ملی بە حەکەمییەت داوە جەماعەتیک لە یارانی لە گەڵی کەوتنە دژایەتی و سەرەرای ئەوە جەماعەتیک بە ناوی خەوارج هەم لە گەڵ عەلی و هەم لە گەڵ معاوییە کەوتنە دژمنایەتی. خەوارج : ( باوریان وایە کە جینشینی پیاغەمبەر دەبیت بە رئی خەڵک و لە سەر رئی شورایی هەڵبژیردریت ) بیرەرای ئەم جەماعەتە بە مەزاقی رابەرایەتی ئیسلام نەبوو ، چونکە خەوارج دژی ئەم شیوە دەسەڵاتە داسەپاوە و دیکتاتورییە و دژی بنە ماڵ کردنی رابەرایەتی بوون پییان وابوو کە رابەری ئیسلام دەبی لە فەزایکی دیموکراتیک و بە رئی زۆرینەی ئومەتی ئیسلام هەڵبژیردریت ئەم بیرورایە بووە هۆی هاری و قین و نیفرەتی دەسەڵات ، هاشمیان عەلی و هەم ئومەوییان (معاوییە) ناکوکیەکانیان خستە لا و هەردوو لە یەک جیبهەدا بە تەواوی هیز و توانایان کەوتنە راو و کوشتاری ئەم جەماعەتە و بە دەر کردنی فتوا پشتی فتوا ئەمانەیان دژی ئیسلام دژی خودا و بە دژی کائینات و موقەدەسات و رابەرایەتی بە ئوممەت ناسان دەبینین کە دەسەڵات بو راگرتن و پاراستنی مەنفەعەتی خۆی نەتەنیا لە هیچ جەنایەتیک دەست راناگریت بەڵکو لە دروست کردنی هیچ بیرورای ئیدەئۆلوژیکی و فەلسەفەیکی دژی لایەن گرانی ئازادی و مروڤایەتی دریغ ناکەن . نمونەی حازر و ئامادەی کۆماری ئیسلامی و رۆناک بیرانی عەشیرەی پارسە چ لە باری ئاینی و چ لە باری نەتەوایەتی هیچ

بیروڕایکیتر غەیری ئەوەی کە خۆیان بیری دەکەنەوە و خەسرەوانیان دەیڵێن بۆیان قەبوڵ ناکریت بۆ ئەوان دیموکراسییەت واژەیکی نامەفهومە و سەقیلە . ئیمامی عەلی چەند شەری گەورەی لە گەڵ خەوارج کرد و زۆری لێ کوشتن و خەوارج ڕێیان دا بە کوشتنی عەلێ ، معاوییە و عەمرو عاس دوای ماوەیک عەلی عاقیبەت بە دەستی ئبنی مولجەم یەکیک لە خەوارج بریندار دەبیت و دوو ڕۆژ دووایی لە ٢١ ی رەمەزانساڵی ٤٠ ی (هجری ق) فەوت دەکات .

دوای کوشتنی عەلی کورەکەی حەسەن جی نشینی دەبیت حەسەن لە گەڵ معاوییە سولح دەکات و لە مەدینە دادەنیشیت و خەریکی ژیان دەبیت هەر بە شیوەی خەسرەوانی هەخامەنش و نەوەکانیان و موبدان و شاکانی ساسانی ! دەڵین حەفتا تا نەوەد ژنی بوۆە و نزیکەی ٣٠٠ تا چوارسەد مەتعەی بووە و بە ئلمەتلاق ناسراوە . معاویە تا ئاخری عومری لە دیمشق دادەنیشیت و وەک خەسرەوان خەلافەت دەکاتە بنە ماڵەیی و بە دوای مەرگی خۆی کورەکەی یزید دەبیتە خەلیفەی ئیسلام ، حوسەین کوری عەلی بەیعەتی لە گەڵ ناکات و ئیدعای خەلافەت دەکات لە گەڵ یەزید دەکەویتە شەر و داخوازی و نیونجی خەلکی کوفە بی سەمەر دەبیت و ناچار خەلک پشتی تیدەکەن و بە ٧٢ کەسەوە لە گەل یەزید بە شەر دیت لە حالیکدا چەند هەزار لەشکری یەزید دەوریان دەدەن و عەمروعاس گۆیا فەرمان دەدا کە قورعان بکەن بە سەر نیزەوە بەرەوپیریان بچن بەڵام مل نادات و هەر هەمویان دەکوژرین . لیرەدا دەبینین دەسەڵاتخوازان کام بیر و ئائین کە دژی مرۆڤایەتی و کەرامەتی گەلانە هەڵدەبژیرین . ئەم میژوو نیشاندەدات کە دەسەڵات باسە ! و بیرو باوەر و فکری سکولار یان ئائینی تایبەت و کۆمەڵگا و بەرژەوەندی کۆمەڵگا لە بەرامبەر دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی خۆیان هیچ بایەخیکی نییە و بە شەهادەتی میژوو ئەمە بۆ عەشیرەی پارس مسوەگەرە.

بە دووای کوشتنی ئیمامی عەلی و حوسەین عەرەبەکانی پەیرەوی عەلی بەرەو شام و یەمەن و لیبی و لوبنان و میسر (فاتمیان) دەڕوون و ئیرانییەکان بەرەو تەبەرستان(مازندران) دین ، تەبلیغی عەلەوییەت دەکەن و ڕۆناکبیرانی مەزهەبی ئیرانی کوشتنی ئیمامی حوسەینیان کردە حەماسەیکی میژویی و دوای ١٥ قەرن ئیستایش بە دروشم و ئاهەنگی سۆز و زنجیر و قەمە لیدان لە خۆ ، مەراسمی تایبەتمەندی بو دەگیرن . لە وزعی برینداردکان و تونی بونیان و چیروکی تونی بونی عەباس کە منداڵ بووە شیعر و سۆزی غەمباریان هۆنیوەتەوە بۆ هاندانی لایەنگرانیان ،لە سەر ئەم مەبنایە لەم ڕۆژانەدا رایان گەیاندووە کە لە دەوری مەرقەدی حەزرەتی عەباس بە بەرزایی میتریک ئاو پەیدا بوۆە نە معلومە لە کوۆیوە دیت و نە لی دەروات و هەر چەندەی لی هەڵ ئنجن کەم ناکات ئاوی بەستراو دوای چەند ڕۆژ بۆگەن دەکات بڵام ئەم ئاوە زۆر تازەیە و بۆنی گوڵاوی لی دیت خادمەکەی دەڵیت دەیان کوۆیرم دیوە کە ئاوەکەیان لە چاویان داوە و ئیستا دەبینن و دەیان نەخۆشی پیست و شیرپەنجە بەم ئاوە چاک بونەتەوە و لەم دوو سێ مانگەدا چەندسەدهەزار نەفەر هاتون بۆ زیارەتی ئەم مەرقەدە و خوۆاردنەوەی ئاوەکەی . ئائەمەیە بیروباوەری بیمەبنای عەشیرەی پارس و تەنانەت روناکبیرانیان لە سەدەی ٢١ی بەشەرییەت. ئەم شەرو حەماسە ساختەچیانە تەنیا بۆ فەریودانی خەلک و دروست کردنی فەلسەفەیکە بۆ مانەوەی مقام و دەسەڵاتیان و ڕوناکبیرانیان بۆ هاندانی جەماوەری شیعە بە دژی میلەتانی ئیرانی غەیری شیعە بۆ بی حقوق کردنیان و میلەتی عەرەب بۆ سوک کردنیان بکار دەهینن و دەبیتە هۆی ئەوە کە پەیرەوانی عەلی بە ئیزافەکردنی ئمامەت و عەدل بە ئسوڵی ئیسلام (تەوحید، نەبووەت ، رۆژی ئاخرەت) و بە ئیزافە کردنی ١ - خمس ( ماڵیات) ٢ - ئەمر بە مەعروف و نەهی لە مونکەر ٣ - تولی خۆشەویستی ئەهلی بەیت . ٤ - تەبەری (دوری کردن و نیفرەت لە دژمنانی خودا و ئەوانەی کە وەلایەتی عەلییان قەبوڵ نییە . یانی نیفرەت لە مرۆڤ ـ مەهدەوییەت ((( ئیمامی دوازدە ئیمام محەمەدی عەسکەری زهور دەکات و عەدل و داد لە عالەم بونیاد دەنیت ))) . گۆیا ئیمام محەمەدی عەسکەری لە دایک بوۆە وماوەیک غەیب بوۆە بە ناوی غەیبەتی سوغرا و لە سنی ٦٣ ساڵانەدا دوبارە غایب بوۆەتەوە بە ناوی غەیبەتی کوبرا و تا ئیستایش زهوری نەکردووەتەوە . بەم شیوە مەکتەبیکیان بونیاد نا بە ناوی شیعە (بە مەعنای پەیرەو و مورید یان تەوافوق و هەماهەنگی ، شیعە لە واقیعدا بەو موسوڵمانانەی دەڵین کە باوەریان بە خیلافەت و ئیمامەتی دەست بە جێ عەلی دوۆای پیاغەمبەر هەیە ) شیعە غەیری ئوسوڵی دینی ئیسلام دەبیت باوەری بە عەلی و ئەولاد و نەوەکانی عەلی وباوریان بە ئیمامان کە دوازدە ئیمامن ببیت و باوەری بە عەدلی ئیمامان بیت و سەرەرای فروعی دینی ئیسلام دەبیت باوەریان بەو پنج فەرعەیتر کە باسمان کرد ببیت . بەم شیوەیە خۆیان لە ئومەوییەکان و عەباسییەکان و تەنانەت فاتمیەکان و عەلەوییەکانی عەرەب جیا کردەوە . جێ سەرنجە هەر یەک لەم ئیمامانە مەکتەبی تایبەت بە خۆیشیان هەیە و بۆ مەسائلی دینی و ژیانی کۆمەڵگای ئیسلامی لیکدانەوە و تەفسیرو حەدیسی جۆراوجۆریان هەیە بەم هۆیەوە هەر ئیمامیک چەند فرقەی ئسلی و فەرعی لی دەبیتەوە بریکیان پییان وایە دوای عەلی و کورەکانی ئیمامەت تەواو دەبیت و بریکیشیان ئیمام موسا کازم بە ئاخرین ئیمام دەزانن کە ناویان ئیسماعیلیە و زورتریان لە ئفغانستان و پاکستان و هیند دەژین . بریکیان زەیدبنی عەلی لە جێ براکەی موحەممەدی باقربە ئیمامی پنجم و ئاخرین ئیمام دەزانن و پییان دەڵین زەیدییە . گۆیا ٧٢ فرقەی شیعە هەیە کە گەورەترینیان دوازدە ئیمامین و هەر هەمویان لە سەر بی بنەماترین و ئیرتیجاعیترین ئوسوڵی دژی ئینسانی و دژی کۆمەڵایەتی وەک کۆماری ئیسلامی دامەزراوە و بە مەدەویەت یان بە مهدی باوەران بە ناو بانگن . لیرەدا لازمە بەوە ئاماژە بکەم تا ئاخرەکانی سەدەی سێ و ئەوەڵەکانی سەدەی چوواری هجری بەشی زۆری کوردانی ئەم دەڤەرە خوراسان و تاڵشەکان وموسڵ و کرمانشا و کوردوستان باوەریان بەئیسلام نەهینابوو .

ئومەوییەکان کە خۆیان بە پەیرەوانی شەریعەتی سەدری ئیسلام دەناسینن بوونە چووار شەق( شافعی ـ حەنەفی ـ حەمبەلی مالکی )ـ ئەمانەیش شەریعەتی جیا جیایان لی بووەتەوە بە ناوی شیخ و سەیید و مورید ئەمانیش خویان بە ئەولادی پیاغەمبەر دەناسینن . بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تاکەکەسی خۆیان داسەپینن و مەجالیان ببیت کە یەکترین بە حەق و ناحەق تاوانبارکەن ئیستایش ئەم وەڵاتە عەرەبیانە کە هەموو ئاڵای ئیسلامیان هەڵداوە هەمویان ئامۆزا و خاڵۆزای یەکترن بەڵام بە خوۆینی یەکترین تونین و یەکترینیان قەبوڵ نییە ریشەکەی هەر ئەم دەسەڵات و پاوانخوازییەیە کە لە سەدری ئیسلامەوە دامەزراوە . کوردان بە دریژایی چەند هەزار ساڵەی ئەم میژووەبە بی پچران لەم میژووە توانیویانە زمان و فەرهەنگ و کولتور و ئائینی خۆیان بپاریزن و هەرگیز ئائینیان لە گەڵ سیاسەت تیکەڵ نەکردووە و لەم میژووەدا بە بی پچران بەردەوام کارگەر بوون و رۆلی خۆیان گیراوە بۆ نمونە وەک موغ (بەردیا)کە خۆی بە کوری کورش لە قەڵەمدا و موخالفەت و شەرەکانی سەردارانی مادەکان لە گەڵ پاشاکانی هەخامەنشی بە هۆی بپیک هینانی دەسەڵاتی چینایەتی و کیشانی ئائینی زەودەشت بۆ ناو سیاسەت ، هاوپەیمانی مادەکان لە گەڵ سیتەکان ،سلوکیەکانیان لە ئیران ڕاونا و دەسەڵاتی کونفدرالیسم

دیموکراتیکان دامەزراند و نزیکەی ۴۹۶ ساڵ بەردەوام بوو لەم دەسەڵاتەدا بیرو باوەر و ئائین ئازاد بوو لە پیکهاتنی ساسانیەکان تا بە ئاخر بە دژیان ڕاوەستان و هەرگیز نەچونە ژیر رەکێفێێ خەسرەوان و بیروراى دواکەوتوی موبدان ی ساسانی . لە حاکمییەتی ساسانییەکان روڵی مەزنیان گیرا وەک بارامی چوبین کە کورد بووە و یەکیک لە فەرماندە لیهاتووەکانی ساسانەکان بووە ، و لە شەر لە گەڵ روم گەورەترین سەر کەوتنی بووە ، بە تەحریکی دەربایان خەسرەو پاشای ساسان بە بارام سوکایەتی دەکات بارام لە گەڵ سپاکەی هیرش دەکاتە سەر خەسرەو پاشای ساسان هەڵ دیت پنا دەباتە دژمنی دێرینەیان ئیمپراتوری روم ئەوانیش یارمەتی ئەدەن و سپایکی مەزنی دەدەنی هیرش دەکاتەوە سەر بارامی چوبین و لە ناو خۆ موبدانی ساسانی خیانەت دەکەن و دەسیسە و پیلانگیری بۆ بارام ساز دەکەن و ناچار بارام پنا دەبات بۆ خاقانی تورکان و لە سەر داخوازی خەسرەوی ساسانی خاقانی تورک بارام دەکوژیت . بارام بە پیلانی هاوپەیمانی ئوروپاییەکان و ئیرانییەکان و تورکەکان لە بەین چوو . ئەمە بەڵگەیکی حاشا هەڵبەگرە کە کورد بە دریژایی میژووی چەند هەزار ساڵەی بەردەوام لە ناو ئەم میژووە و پیشاهەنگی ئەم میژووە بووە و ڕۆڵیکی زۆر مەزن و کاریگەری بۆ دامەزراندی و پاراستنی ئازادی و دیموکراسی و پاراستنی مافی گەلانی ڕەنجدەر و دژی خەسرەوان و دەسەڵاتخوازانی زاڵم و جەنایەتکار بووە . بە هاتنی ئیسلام و هیرشی عەرەب نەیانتوانی سەیتەرەی خۆیان بە تەواوی بە سەر گەلی کورددا داسەپینن . لە حالیکدا زوربەی زۆری عەشیرە و تایفەکانی ئەم دەڤەرە ئیران بە ناوی جوراوجور وەک تاهریان ، سەفاریان ،غەزنەویان، سەلجوقیان، خوارەزمشاهییان، ئیلخانان، سەربداران، چوپانییان، ئالی موزەفەر، تەیموریان و ...... . لە ژیر ناوی ئیسلام و بریکیشیان ڕاستەوخوو لە سەر مەبنای ئائینی کۆن بۆ خەلاسییان لە ژیر دەسەڵاتی عەرەب هەوڵیاندا بەڵام بە هۆی ناکۆکی ناوخۆیی و ناکۆکی ئاینی ناو خۆیان (ئەنواعی شیعە) و دژایەتی سونی و ئاینەکانیتر و هەڵسوکەوتی ناسیونالیستی و عەرەب و گەلانیتر بە سوک زانین و لە هەموو گرینگتر هەوڵدان بۆ بەرژەوەندی خۆیان نەیانتوانی سەرکەوتو و بن . بەڵام کورد ڕۆڵیکی کایگەریان بووە . نەوەکانی بارامی چوبین بە ناوی دەیلەمیان ( لە حکومەتی تاهریان حاکمییەتی فەراروود( بەینی دوو روبار یان بەین النهرین) پی درابوو دوای تاهیریان توانییان حاکمییەتی خوراسان، موکران سیستان تا کرمان لە ژیر چاودیری خەلیفەی ئیسلام لە بغداد لە ئەستوو بگرن ساڵی (٢٦١ . ٣٢٠هجری . ق یان٨٧٤ .١٩٩٤ م) ئالی بویە و ئالیزیار(دەیلەمیان) کورد بوون و لە زاگروس بەشی لای تەبەرستان (مازندەران )وخوراسان قەفقاز و عیراق دەژیان (٣٢٠ . ٤٤٧ هجری ق) یان (٩٣٢ . ١٠٥٥ میلادی ) بویە سێ کوری بوو بە ناوی عەلی ئەحمەد و حەسەن گۆیا لە ژیر فەرمانی مەرداویج لە عەشیرەی ئالی زیار بوون عەلی ئیسفەهانی داگیر کرد و بەهاریکاری براکەی ئەهواز و عەلی فارسی داگیرکرد و ئەحمەد کرمان دووایی ئیسفەهان و کەرەج ئەودەم بەرەو بغداد ڕۆیشتن و ئلمستەکفی بیللا خەلیفەی عەباسی خوی تەسلیم کردن و لە عەمەلدا حکومەتی بەغدادیان بەریوە دەبرد و خەلیفەی عەباسی بە شیوەی تەشریفاتی مایەوە و بە هەرکام لەم سێ برایە عینوانیکی دانی و عەلی ناونا عیمادالدولە و بە حەسەن ڕوکن الدەولە و بە ئحمەد معزالدولە ئەم سێ برایە لە زەردەشتیانی موخ بوون هەروەک سیتەکان(ئشکانییەکان) بیروباوەر و ئائین ئازاد بوو و ئحمەد یان معەزالدەولە مراسمی محەرەم و عاشورا کە قەدەغە کرابوو ئازادی کرد و عەلەوییەکان دەیانتوانی ئازادانەمەراسمی خۆیان بەریوە بەرن (٣٦٢ ق) و دوایی موسڵ، بەسرە، کوردوستان و خەلیجی فارسیان داگیر کرد عەلی چون کوری نەبوو لە ئحمەد داوای کرد کورەکەی پناخەسرەو بنیریت بۆ شیراز دەبینن کە کوردان بەم شیوەیە سەرانسەری عیراق و ئیرانیان هینایە ژیر سەیتەرەی خۆیان و لە دەورانی سەلجوقیەکانیشدا کوردان کارامەیکی زۆر مەزنیان بووە و لە دەسەڵاتی سوڵتان سەنجەر بۆ ئەوەڵین جار ناوی کوردوستان هاتووە و بە ناوی وەڵاتیک ناو براوە کە قەت داگیر ناکریت کوردان لە شەر لە گەڵ روم لە دەورەی سەلجوقییەکاندا ڕوڵی بووە و هەروا لە شەرە ناوخۆییەکان لە هەر لایەنیک بویایە سەردەکەوت . تەواوی گەلی کورد ئیسلامی قەبوڵ نەکرد هەر بۆیە ئاینە کۆنەکان لە ناو کوردا ماوەتەوە . کوردان دووای ئیسلام بە تایبەت لە سەردەمی خەلافەتی عەباسیەکان رۆڵی بەر چاویان بووە . ئەیوبییەکان عەشیرەتیکی ڕۆژهەڵات بوون کە بۆ روڵ بینین لە جیهانی ئیسلام بەرەو شام چوبوون و سەلاحەدینی ئەیوبی سەرداری کورد توانی تەواوی عەرەبستان و فەلەستین و میسر و ئسپانیا و بەشیک لە ئوروپا داگیرکات . هەلاکوخانی مەغول کوری چەنگیزخان هیرشی هینایە سەر ئیران دووای سەقامگیر بونی سلسلەی ئیلخانانیان دامەزراند (٦٥٤ / ٧٥٠ هجری /ق یان ١٢٥٦ تا ١٣٣٥ میلادی حکومەتیان کرد و ئاڵوگۆریکی مەزنی ئائینی و کۆمەڵایەتی پیک هات حکومەتی ئیسماعیلییەکان و عەباسییەکان دووایی پی هات . ئیلخانەکان بودائی بوون دووایی بونە موسوڵمان دوای لە بین چونی ئیلخانەکان لە ئیران و کوردوستان حکومەتی ملوکالتەوایفی (حکومەتەکانی ناوچەیی تایفەیی و عەشیرەیی)و پیک هات کە بە ئائین و یاسای تایبەت بە خۆیان سەربەخۆ حوکمیان دەکرد و زۆر جار بە گژ یکدا دەهاتن . بە دوای هاتنی ئیسلام پارسەکان لە عەلەوییەکانەوە هیچ رۆڵیکیان لەم دەڤەرەدا نەبووە .

**سەر هەڵدانی تەسەوف :** لە ساڵەکانی ٨٨٠ تا ١١٠١هجری . خ (یان ١٧٢٢ .١٥٠١ میلادی ) موبدانی زەردوشتی هخامەنشی بۆ منفعت و مەسلەحەتی خۆیان ڕۆژبەرۆژ لە خەلک دوردەکلەوتنەوە و ببونە بەشیک لە ئاریستوکراسەکان بە هاتنی ئیسلام دەسەڵاتیان لە دەست دا ولە ناو خەلقا ئیعتیباریان نەبوو و کۆمەڵگای خەلک بە هۆی فشار وزەختی ئیسلام و شەرو ناکۆکی گروهەکانی جۆراوجۆری ئیسلام لە ناو خۆو و هەموشیان بۆ ئیسباتی حەقانییەتی خۆیان بە کوشتاری زیاتری خەڵکی بە رەوایەت ناموسەڵمان بە تایبەت مەزدەکیان و زەردوشتیان دەست پی دەکرد هیرشی ماڵ ویرانکەری مەغول بە ئیران خەلک لە ژیان وەرەز ببون و تارمایی رەزا و تەسلیم و نائومیدی کۆمەڵگای داگرتبوو و دووای چەندین ساڵ مەیدانیکی لە باری بوو بیروباوەری ئائینی تەسەوف پیک هینا و دامەزرینەر و پەرە پیدانی ئەم بیرو باوەرە لە ناو خەڵک ئاریستوکراتەکانی ئیسلامی بە تایبەت موبدانی زەردوشتی بوون

**سۆفیەتی ریشەکەی کوردییە :** سوفیەتیلە کوێیوە هاتووە ؟ لە سەر قسەی راجر ساوری ئینگلیسی و ولادیمیرمینورسکی روسی سۆفی ریشەی کوردی هەیە و لە کوردوستانەوە هاتوۆە لە کۆنترین نوسراوە بە ناوی سەفوەتو سەفا کە لە سالی ١٥٠١ ابنی بەزازنوسیویەتی کە شیخ سەدرەالدین کوری شێخ سەفیەالدین لە نەوەکان و نەجیب زایەکانی فیروز شای زەرین کڵاو بوۆە لە کوردوستان کە کۆچیان بۆ شیمالی ئیران کردووە یان کۆچیان پی کردون فیروز شا کەسیکی عالم و زانا و سوننی مەزهەب بوۆە و ساڵها لە ئردەبیل ژیاوە و دەچیت بۆ گیلان و لەوی دەمریت لەوە پیش باسمان کرد کە کوردەکان لە گەڵ تالشیەکان لە شیمالی خوراسانەوە تا ئردەبیل و خەلخال کلار چای ژیاون . شیخ سەفییەدین ئاینی سۆفیەتی دادەمەزرینیت و موریدی زۆری لە کوردوستان و خوراسان و گیلان و ئازەربایجان بووە و بە هۆی تیکەڵی لە گەڵ تورک زمانانی ئازەربایجان تەسەلوتی بە سەر تورکیدا بووە ،کتیب و ئەدەبیاتی زۆری بووە و ئەوانەیش کە نوسیویانە نیوی مەشایخیان لی نابوون وەک ئەبوحامدیغزالی ـ خواجەنیزالمەلک ـ ئەبو سەعید ابوخەیر ـ عەتار ـ نەجمەالدینی رازی و...لە سەدەی چوۆار و پنج چەندین سلسلەی سەفەوی پیک هات کە ئیجازەی مەشایخی خۆیان بە پیاغەمبەر نیسبەت ئەدا و ناوی ئەم سلسلانەیش بە ناوی گەورە پیاوانیانەوە بوو وەک سلسلەی خاکسار ـ سەروردیە ـ نعمەتوڵاهیە ـ نەقشبەندییە ـ قادرییە ـ نور بەخشییە . سەدەی هشت و نووۀ دەورەی شکۆفایی سوفیەتییە و گرینگتەن نەزەتەکانی کۆمەڵایەتی شیعە نەزەتی شتخ خەلیفەی مازەندەرانیە لە ساڵی ٧٢٦ دەکوژریت و شتخ حەسەنی جوری لە٧٤٣ دەکوژریت و بە نەزەتی

سەربەدارانی خوراسان تەواو دەبیت و میرقەوامەدینی مەرعەشی کە بە مەرعشیان بە ناو بانگن شیخ فەزلولا حروفت ئستەرئابادی پیک هینەری نەزەتی حروفییە و زۆر دژایەتی لە گەڵ سوننی دەکر ساڵی٧٩٦ کوری تەیمور دەیکوژیت . مەکتەبی سوفیەتی دەبیتە هۆی پی ناخۆش بونی کۆمەڵگا ،چون لە گەل واقعییاتی ژیانی کۆمەڵگای ئینسان سازگار نییە و دژایەتی لە گەڵ دەکریت .

**دامەزرینەری سلسلەی سەفەوییە :** ئەسل و نەسەبی سەفەوییەکان دەگەریتەوە بۆ شیخ سەفیەدینی ئردەبیلی بۆیە خۆیان ناو ناوە سەفەوییە و بونیادەکەی شا ئیسماعیل بوۆە لە ساڵی ٨٦٦ لە ئەردەبیل لە دایک بوو . باوکی ناوی حەیدەر بوو کە خۆی و موریدەکانی کڵاوی سوریان لە سەر بووە بە قزلباش(بە ترکی بە مانای سورە)ناسراون،بۆ جیهاد بە دژی مەسیحییەکان دەچیت بۆقەققاز و لە گەڵ شەروانشا بە شەر دیت و دەکوژریت و ئیسماعیل شیرەخور دەبیت لە گەڵ دایکی بە دیل دەیگرن و چوۆار ساڵ لە ئستەخری فارس زیندانی دەبن و سولتان یاقوب ئاق قویونلودەمریت و لە بەینی کورەکانی روستەم و بایسفەر لە سەر جینشینی باوکیان شەریان دەبیت و روستم بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ براکەی عەلی برا گەورەی ئیسماعیل و کەس وکاری ئازاد دەکات بەو شەرتەی قزلباشەکانی ئەردەبیل یارمەتی بدەن وبراکەی بۆ بکوژن و عەلی تەبریز دەگریت و بایسفەر دەکوژیت بڵام رۆستەم ترسی لی پەیدا دەبیت و لە بەینی ریگای تەبریز و ئەردەبیل عەلی دەیکوژیت (هەر وەک هەخامەنشەکان و ساسانەکان لە کوشتنی یەکیر و و خوڵقاندنی قیزینەترین جەنایەت و خیانەت و پەیمان شکەنی و فروفیڵ لە پیناو دەسەڵات شەرم ناکەن)و سوڵتان عەلی ئیسماعیل کە ٧ ساڵ دەبیت تەسلیمی دۆستانی دەکات ئیسماعیل دەبەن بۆ لای ئەمیری لاهیجان کارکیا میرزا کە شیعەی دوازدە ئیمامی دەبیت و شەمسەدینی لاهیجی فارسی و عەرەبی و مەبانی ئوسوڵی شیعەی فیر دەکات،قزلباشەکان ئیسماعیل دەبەنەوە بۆ ئەردەبیل و قزلباشیەکان لە ئەرزەنجان کۆ دەکەنەوە و فەرماندەکانی قزلباش دوای مەشوەرەت هیرشیان بردە سەر قەلعەی گولستان و فرخ یسار دەکوژریت و باکو دەگرن و لە ریگای نەخجوۆان لە گەڵ سپای ئلوەند بەگ ئاق قویونلو تیک هەڵدەچن و تەبریز داگیر دەکات . شا ئیسماعیل سەڵتەنەتی سەفەوی پیک دێنیت و مەزهەبی شیعە دوازدە ئیمامی وەک مەزهەبی رەسمی دەوڵەتەکەی ڕاگەیاند . و ئەم رۆژە بوو بە رۆژی دامەزراندنی میژویکی رەش و نیکبەتبار بۆ گەلانی ئیران بە تایبەت گەلی کورد.بڵام شوونیستەکان دوازدە ئیمامییەکان وەک رواویکی گرینگی میژویی ناوی دەبەن کە بوۆەتە هۆی یەکیەتی گەلانی ئیران و بوۆەتە بەرز بونەوەی ئیعتیباری ئیران لە نیو دەوڵەتانیان دەزانی . بەڵام بە داخەوە بوۆە هۆی تەفرەقە و نیفرەت لە گەلانی ئیران بە تایبەت گەلی کورد هەر بویە دەست بە جی لەمە بەدوۆا لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانی کە سونی بوو شەر و ناکۆکی بەردەوام دەست پیدەکات ووەڵاتانی غەربی بە تایبەت ئینگلستان بۆ منافعی خۆی و تەزعیفی عوسمانییەکان بە دژی یکتر هانیان دەدان . ئینگلیسیەکان لە دەورانی شا عەباس دەستیان باش دەرۆیی و بە دژی عوسمانییەکان بە هیزیان دەکرد تا دەوڵەتی عوسمانی هیرش نەباتە سەر ئوروپا شاکانی سەفەوییە بۆ ئەوەی بیسەلمینن ئەسالەتی شیخ سەفییەدین شیعە بوۆە و بۆمەشروعییەتی خۆیان بۆ پاشایەتی جیهانی شیعە خۆیان بە بنە ماڵەی پیاغەمبەر نیسبەت دەدەن و بۆ ئەم مەبەستە نوسراوەکانی ئبنی بەزاز دەستکاری دەکەن و ئساڵەتی کوردی خانەدانی سەفەوی پاک دەکەنەوە . شاە عباس کە لە هیز و توۆانا و ئیدەئۆلۆژی کوردان (دژ بە دەسەلاتداران ) ترسی لی پەیدا ببو و مەنتەقەی خوراسانیش تورکمەن و ئوزبەکەکان بەردەوام هیرشیان دەکردە سەر و تا سمنان و دامغان داگیریان دەکرد لە گەڵ سەروک عەشیرەتەکانی ئورومییە و مهاباد قسەی کرد و هانی دان کە کۆچ بکەن بۆ دەشتەکانی قەزوین و تاکستانی ئەمرۆ بە رەوایەت ٥٠٠٠٠ پنجاهەزار بنەماڵەی کورد لە ساڵی ١٠٠٥ - ١٠٠٧ کۆچیان کردە ئەم باژیرە ولەویوە شا تەشویقی کردن کە کوچ بکەن بۆتەوالش بە تایبەت شیمالی خوراسان کە زۆر حاسلخیزە،تورکمەن و ئوزبەکەکان دەرکەن و خۆیان بچنە جێیان لە ساڵی ١٠١٠ کوردان لەویوە کۆچیان کرد بۆ تالیش بە تایبەت بۆ ناوچەی قوچان و بریک لە کوردان لە قەزوین و زەنگان و تاکستان مانەوە بەم شیوەیە شاعەباس دوو هەدەفی پیکا هەم کوردانی لە یەک پچران و هەم شەری ئوزبەک و تورکمەنی لە خۆ کردەوە چون کوردی بەدژی بەردەوام بونی سەڵتەنەتی خۆی دەزانی ئەودەم بە نیازبوو بە فروفیڵ رابەرانی کورد بکوژیت و گەورەترین سەردارانی کورد فەرهادخانی قرامانلو و براکەی زولفەقارخان و ئەمیرخانی برادۆست بوون ئەمیر خان زۆر رەشید بوو لە شەرا دەستیکی لە دەست دابوو وشا فەرمانی دا دەستەکەی لە تەڵا بۆ دروست کەنەوە و لەقەبی خانی لەپ زیرینیان دایە ئەمیر خان دژی بە ناوبانگی (دمم دمم)ی ساز کردبوو کاتیک بە پیلانی شای زانی لە دژەکەی خۆیدا ماوەی چوۆارساڵ ونیو مقاومەتی کرد کە بە هۆی خیانەت و برینی ئاوی قەڵاکەیان توانای نەهینا و بە زیندویی خۆی تەسلیمی شا نەکرد لە گەڵ ژن و منداڵەکانی لە شاخەکانی شمشیرخانەوە خۆیان خستە خوۆارەوە بەڵام بە هۆی هیرش و نفوزی عوسمانییەکان و هیرشی بەردەوامی تورکەمنەکان و روسەکان و خیانەتی ئاریستوکراتەکان پەیرەوانی عەلەوییەکان و زەردوشتیەکان خەسلەتی خەباتکارانەیان لە دەستدا وهەروا کە وتمان دەستیان بردە ناو ئامۆژگارییەکانی زەردوشتەوە و ئەسالەتەکانی ئینسانی تەبیعییان لە گرێژنە برد و هەروا دوازدە ئیمامییەکان کەم تا کورت نفوزیان کردە ناو عەلەوییەکانەوە و گۆمارودانی ئەم دوو بیرو باوەرە لە لایەن عوسمانییەکان و تورکەکان و تاتارەکان و سەفەوییەکان و پەیرەوانی ئسنا عەشەری بە مەرکەزییەتی قوم و مەشهەد بە بونی مەرقەدی ئیمام جەعفەری سادق ئیمامی شەشوم و فشارو زوڵم و زۆری ئابوری و رەوانی و سوکایەتی یەکیک لە خاڵە زۆر گرینگەکانی ئەم ئاسیومیلاسیونی زمان و فەرهەنگ و کولتور و مەزهەبەیە .

تئورسیەنەکانی دامەزراندنی حکومەتی سەفەوی موربدانی زەردوشتیانی هەخامەنشی بوون کە تەسەوفیان لە فەلسەفەی نوۆی ئیفلاتون و عرفانی مەسیحییەت دەر هینا و هەر وەک حکومەتی ساسانییەکان کە بە تەجروبەی هخامەنشینەکان شایان وەک مۆرەی خۆ دابین دەکرد و مەزهەبی زەردوشتییان وەک تنیا مەزهەبی رەسمی راگەیاند و باقی مەزهەبەکان وهەر بیروباوەریکیتریان قەدەغە کردبوو بڵام ئیستا بە شا سمەتی وەلیشیان داوەتی یەعنی شا رابەری مەزهەبیشە

دریژەی هەیە: لە بەشی سێهەمدا لە قاجارەکانەوە تا کۆماری ئیسلامی دەخوێنیتەوە.

سەر چاوە : ماڵپەری هەڵوێست







# ١١٦ شەهیدی شیمیابارانی ٧ ی پووشپەڕی ١٣٦٦ شاری سەردەشت

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | حوسێن فەتتاحی | ٣٠ | گوڵێ کەرەمی | ٥٩ | محەممەد بایەزیدی | ٩١ | محەممەد مەعروفی |
| ٢ | مەلا عەبدولباقی واعزی | ٣١ | عایشە قادری | ٦٠ | سەید مەحموود مەحموودی | ٩٢ | ئەمیر خەلیل پوور |
| ٣ | محەممەد ئەمین کاکی | ٣٢ | فاتمە حەدداد | ٦١ | ڕەسووڵ مەعروفی | ٩٣ | ڕەحمان خزری |
| ٤ | ڕەحیم کەریمیان | ٣٣ | فاتمە دیبانی | ٦٢ | حەسەن ئاتەشەک | ٩٤ | قادر نەمینی |
| ٥ | ڕەحمان بەزرچی | ٣٤ | ناهید شێخی | ٦٣ | ڕەحمەت کەریمی واحد | ٩٥ | سالح ڕەسووڵ پوور |
| ٦ | ئیبراهیم عەداڵەت | ٣٥ | عەبدووڵڵا مەعروفی | ٦٤ | حەمید کەریمی واحد | ٩٦ | ئیسماعیل محەممەدزادە |
| ٧ | ڕەحیم پەناهی | ٣٦ | حەسەن ئەحمەد پەنجە | ٦٥ | مستەفا کەریمی واحد | ٩٧ | سەیید جەلال حوسێنی |
| ٨ | مەحموود عەزیزی | ٣٧ | حوسێن کەریم نیژاد | ٦٦ | سەلاح کەریمی واحد | ٩٨ | ئیبراهیم ئەحمەدزادە |
| ٩ | ئەبووبەکر شەممامی | ٣٨ | ڕەسووڵ ڕەسووڵ زادە | ٦٧ | قادر کەریمی واحد | ٩٩ | یووسف گوودەرزی |
| ١٠ | هووشەنگ حەیدەری | ٣٩ | عەبدووڵڵا مینایی | ٦٨ | شەهین کەریمی واحد | ١٠٠ | ئامین کەرەمی |
| ١١ | محەممەد محەممەدئەمینی | ٤٠ | محەممەد مەولانی | ٦٩ | ئیدریس کەریمی واحد | ١٠١ | خوورشید کەرەمی |
| ١٢ | حاجی کەسرایی | ٤١ | ناسر مەولانی پوور | ٧٠ | عەبباس جەنگدووست | ١٠٢ | خوورشید فەتتاحی |
| ١٣ | عووسمان عەلی پوور | ٤٢ | ماڵماڵ مەولانی پوور | ٧١ | زێنەب جەنگدووست | ١٠٣ | کولسوم فەتتاحی |
| ١٤ | ڕەحمان ساڵح پوور | ٤٣ | نەوزاد شێخی | ٧٢ | کولسوم جەنگدووست | ١٠٤ | شەهین مەولانی پوور |
| ١٥ | حوسێن بایەزیدی | ٤٤ | محەممەد مەلایی | ٧٣ | پەری جەنگدووست | ١٠٥ | مریەم بابەکرزادە |
| ١٦ | کەماڵ قادرپوور | ٤٥ | ئەحمەد حەسەن پوور | ٧٤ | فەرەیدوون جەنگدووست | ١٠٦ | عەلی عەبدووڵڵازادە |
| ١٧ | قادر ئەسەدزادە | ٤٦ | ئیسماعیل فەتتاحی | ٧٥ | فواد جەنگدووست | ١٠٧ | زارا عەلی زادە |
| ١٨ | عەلی ئەسەدزادە | ٤٧ | خاتوون خەڕڕازی | ٧٦ | بێگەرد جەنگدووست | ١٠٨ | ئارەزوو خانی |
| ١٩ | ڕەحمەت ئەسەدزادە | ٤٨ | لەیلا فەتتاحی | ٨٠ | مرووەت جەنگدووست | ١٠٩ | ئارەزوو عەلی پوور |
| ٢٠ | هادی ئەسەدزادە | ٤٩ | سەبری ئەفەندی | ٨١ | ڕەسووڵ جەنگدووست | ١١٠ | ڕۆژین شێخی |
| ٢١ | سەعادەت ئەسەدزادە | ٥٠ | عیسمەت ئەفەندی | ٨٢ | ناسر قادری | ١١١ | خەجیجە ڕەسووڵی نییا |
| ٢٢ | جەمیلە ئەسەدزادە | ٥١ | شەوکەت فەیزە | ٨٣ | قادر ئەمینی | ١١٢ | مریەم ئیبراهیمی |
| ٢٣ | حەسەن ئەحمەدی | ٥٢ | نەوید پیر خزری | ٨٤ | ڕەشید عەلی دووست | ١١٣ | ئەحمەد ئەحمەدیان |
| ٢٤ | خدر ئەحمەدی | ٥٣ | حوسێن شەکوری | ٨٥ | حەسەن مەعروفی | ١١٤ | عایشە ساڵح زادە ئەقدەم |
| ٢٥ | حەسەن ساڵح پوور | ٥٤ | عەبدووڵڵا قادری | ٨٦ | حوسێن سەدیقی | ١١٥ | مەلا محەممەد عەزیزی |
| ٢٦ | پیرۆت غەیوری نیا | ٥٥ | ڕەسووڵ ئەمینی | ٨٧ | ڕەحیم عەبباسی | ١١٦ | محەممەد سالح ڕۆستەمی |
| ٢٧ | عەزیز ئەحمەدزادە | ٥٦ | عەبدووڵلا بەرزگەر | ٨٨ | لوقمان بەرزگەر | | |
| ٢٨ | سەیید موحسین حوسێنی | ٥٧ | حاجی ڕەسووڵ نەریمانی | ٨٩ | حەسەن خزری | | |
| ٢٩ | نازدار خزرنییان | ٥٨ | حاجی عومەر محەممەدیان | ٩٠ | ئەمیر گوودەرزی | | |

ئەوە تەنیا ناوی ئەو شەهیدانەیە کە لەلایەن (بنیاد شهید و امور ایارگران) ی شاری سەردەشت ناویان تۆمار کراوە ، بەڵام بە دەیان شەهیدی دیکەمان لە شار و ناوچای سەردەشتدا هەن کە تا ئێستا لەلایەن هیچ ئیدارە و ئۆرگانێکەوە نەناسراون.

سەرچاوە: بڵاوکراوەی (ستاد یادوارە شهدای شیمیایی شهرستان سردشت)

١٤ی پووشپەڕی ١٣٨٥– سەردەشت
سیروان حەدداد
ماڵپەڕی سەرچاوە

ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

# شەهید




جەلال مەلەکشاه

کاتێ زانیان
دڵت پاپۆڕی ئەوینە و
بۆ گەیشتن بە بەندەری خۆشەویستی
دەریای شەختە و سەهۆڵ ئەبڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی!
کاتێ زانیان
دڵت پردێکە پان و پۆڕ
بەرەو ناخی مێژووی جیهان
دەستی کوێستانت گرتووە و
لە قووڵایی مەرگ و خوێنا
ئەیبەی بەرەو کۆشکی ژیان
پەردەی وەرزی زریان ئەدڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی!
کاتێ زانیان
بورکانە دامرکاوەکان ئەخرۆشێنی
بوومەلەرزە خنکاوەکان
لە ناو خوێنتا ئەجوێنەوە
نەخشەی جیهان ئەشێوێنی
سنوورەکان لە ژێر پێتا ئەتوێنەوە
وەک بڵێسەی کڵپەی ئاگر
لە ناو شەوەزەنگا ئەگڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی
کاتێ زانیان
ناوت بووە بە جوانترین وشەی ئەوین
دڵدارەکان ئەبزوێنی
دەنگت بووە بە چەپکە تیشک
شەوی چڵکن ئەشڵەقێنی
شانت داوە بە ژێر خەمی نیشتمانا و
فرمێسک لە چاو هەژار ئەسڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی
کاتێ زانیان،
کوێستانت کردووە هێلانە
بە شمشاڵی لوولەی تفەنگ
دڵدارەکان بۆ جێژوانی چیا ئەچڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی



# حەوتی پووشپەڕ زامێک بە روحی برینداری شارێکەوە



نووسینی : ئەحمەد شێربەگی

حەوتی پووشپەڕ زامێک بە روحی برینداری شارێکەوە

چ شارێک شک دەبەن

هیندەی سەردەشت

بە بێدەنگی بیشکەی نازاری راژاندبێ

هێندەی سەردەشت لێوەکانی بکرۆژێ

بزەکانی لێ تۆرابێ

هەناسە سوار

پشوو خنکاو.

جەستەی پڕ برین و زام بێ

سەردەشتی من

ساڵانێکە بۆتە تەزوویەکی تەزیو

بەقورگی نیشتمانم

بۆتە خوێنێکی دەڵەمە ،

هەناسەیەکی سووتاو

لە نێو شادەمارو سی یەکانی

کوردستانم...






## Gelawj ٢٧١٣ گەلاوێژ

| شەممە | یەک شەممە | دوو شەممە | سێ شەممە | چوار شەممە | پێنج شەممە | هەینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ١ 23 | ٢ 24 | ٣ 25 | ٤ 26 |
| ٥ 27 | ٦ 28 | ٧ 29 | ٨ 30 | ٩ 31 | ١٠ Jul 1 | ١١ 2 |
| ١٢ 3 | ١٣ 4 | ١٤ 5 | ١٥ 6 | ١٦ 7 | ١٧ 8 | ١٨ 9 |
| ١٩ 10 | ٢٠ 11 | ٢١ 12 | ٢٢ 13 | ٢٣ 14 | ٢٤ 15 | ٢٥ 16 |
| ٢٦ 17 | ٢٧ 18 | ٢٨ 19 | ٢٩ 20 | ٣٠ 21 | ٣١ 22 | |
| | | | | | | رەحمان نەقشی |

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە، لە ئامادە و بڵاو کردنەوەی : رەحمان نەقشی
r_ neqsi@yahoo.ca